YADNAMA
# یادنامە

ئامانجمان لە دەرکردنی ئەم بڵاوکراوەیە نوسینەوەی ڕوی ڕاستی ڕوداو و یادنامەکانە، بە مەبەستی سود گەیاندن بە مێژوی دێرینەی گەل و نیشتمانەکەمان، بەڵام بێجگە لە سەروتار، هەر بابەت و نوسین و هەواڵێك، کە بڵاو ئەکرێتەوە، سەرپەرشتیاری ئەم بڵاوکراوەیە لێی بەرپرسیار نییە.

ژمارەی ٤٧ی نیسان ٢٠٢٣ | بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ دەرئەچێ | No.47.April2023

## ڕاگیرانی هەناردەی نەوت لە نێوان سێکوچکەی عێراق و ئێران و هەرێمدا

یادنامە

ئەوەی دەگوزەرێ لەسەر دۆسیەی ڕاگیرانی نەوتی هەرێم ، کۆمەڵێک هۆکارە ، دەکرێ ئەوە بزانین کە پرۆسەی نەوت بریتیە لە ( پشکین ، دەرهێنان ، پاڵاوتن ، پەمپ کردن ، گواستنەوە ، عەمبارکردن ، بارکردن ) ئەوەی ڕودەدا لە دۆسیەی بارکردندایە ، بەدەر لەمە بە پێی دەستور و یاسای نەوت و غاز ، هەرێم دەتوانێ ڕۆژانە ٤٠٠ هەزار بەرمیل بفرۆشێ بە مەرجێ کۆی ژمێریاری پرۆسەکە بچێتەوە بەغداد ، واتا سۆمۆ ئەنجامی بدات و بەغداد ئاگاداری ژمێریاری داهاتی ئەو نەوتە و خەرجییەکانی بێت بۆ هەرێم بە مەبەستی خەرجی دەوڵەتداری لە هەرێم ، ڕێککەوتنی نێوان بەغداد و ئەنقەرە هەر لە ساڵی ١٩٧٣ وە تا هەموارکردنەوەی ٢٠١٤ دەبێ بەغداد ئاگاداری کۆی فرۆشی نەوتی عێراق بێت لە بەندەری جیهانەوە ، ئەوەی وای کرد دادگای پاریس بجوڵێنێت بەغدادە و کۆمەڵێ هۆکاری هەیە:

١-ژنبرا و زاوای ئەردۆغان بڕی ١٤٠٠٠٠٠٠٠٠ یەک ملیار و چوارسەد ملوێن دۆلار قەرزاری حساباتی بەغدایە .

٢-لە ئێستادا هەڵبژاردنی ناو تورکیا هەیە ، ئێران بە یەکێ لە هۆکارەکان دادەنرێ بۆ گوشار خستنە سەر ئەردۆغان لە ڕێگەی کارتی بەغدادەوە بۆ دادگای پاریس ، ئەگەر چی هاوبەرژەوەندین بەڵام ململانێ و جوڵاندنی کارت دژی یەک بەردەوامە.

٣-دەبێت هەرێم تەنها بە نوسرا نەبێت بۆ پابەند بون بە سۆمۆوە ، بەڵکو بە کردار بسەلمێنێ.

دواجار لەبەر ئەوەی وەستانی نەوتی هەرێم کاریگەری لەسەر نرخی نەوتی جیهانی (برێنت و تەکساس) داناوە دەوڵەتانی گەورەی کڕیاری نەوت کار لەسەر ئەم دۆسیەیە دەکەن و چارەسەری دەکەن و عێراق و تورکیا و هەرێمیش زەرەرمەند دەبن لە وەستانی ، هەر بۆیە مەحکومن بە ڕێککەوتن سەری هەر سێ کوچکەکە تورکیا و عێراق و هەرێم.




## قەڵادزێ وەک بریندارى ناسنامەمان

یادنامە

بۆمباران کردنی قەڵادزێ ئەو سەرەتایە بو کە دەرخەری ڕاستی دوژمنانی نەتەوەی کورد بو بۆ سڕینەوەی شوناسی نەتەوەیەک ، لە ١٩٧٤ وە تا ١٩٨٢ وەک دوو ساڵی بەرخودان و قوربانیدانی نەتەوەیەک ، لە پەنای ئەم دوو یادەدا دەبێ لە ئاستی بەرپرسیاریەتی مێژویدا بین تا بنەمایەک دابڕێژین کە مێژوی خوێن دوبارە نەبێتەوە.




ئەنفال بۆچی بەجینۆسایدێکی جیهانی نەناسێندرا ... ل٢
ئەنفالی یەکەم ... ل٣
ڕوفاتی ئەنفالەکانی نوگرە سەلمان چۆن دۆزرایەوە ... ل٤
نەورۆزی 2023 لەباخی نێرگز ... ل٥
بارزانیەکانی قوشتەپە و ئەنفالکراوەکانی بادینان ... ل٦
تۆفیق وەهبی ... ل٨
ڕۆڵی جاش لە ئەنفالدا ... ل٩
ڕۆژنامەی کوردستان ... ل١٠
زانستی جوانی خوێندنەوەیەکی سۆسیۆ-ئیستێتیکی بۆ جوانی و ناشیرینی ... ل١٦
ئۆپەرێتی کاریلە وبەرخۆلە ... ل١٧
ئاسکی بەخشندە ... ل١٨
کۆت ... ل١٩
*بەسەرکردنەوەی هونەرمەندان ... ل٢٠*
بەسەرکردنەوەی شەهیدان ... ل٢٢
بیرەوەری ... ل٢٣
قەڵادزێ ... ل٢٤

# ئەنفال بۆچی بەجینۆسایدێکی جیهانی نەناسێندرا؟

## شوان ئەحمەد باپیر

لای هەموومان ڕوونە، یەکێک لە تاوانە هەرە قێزەونەکانی سەرانی ڕژێمی بەعس لە عێراقدا پەنابردنیان بوو بۆ ئەنجامدانی تاوانی ئەنفال، ڕۆژی 14ی 4ی 1988ش، بۆیە بە ڕۆژی ئەنفال ناوزەند کراوە، چونکە لوتکەی هێرشی ئەنفال بووە، تیاید 30هەزار، هاوڵاتی مەدەنی بێ سەر شوێنکران و گوندو و ئاواییەکانی گەرمییان زۆربینەیان لەگەڵ زەوی خاپور کران، ئەوەی برینی ئەم کارەساتەی زیاتر بریندارکردووە جاش و ئەنفالچییەکانی بەشدار لەو تاوانە کۆکوژییەدا، هێشتاش هەر ژیانێکی شاهانە ئەژین و بێ بەری کراون لە گرتن و لێپرسینەوە و خستنە کونجی زیندان.

ئێمە دەبێت بپرسین بۆچی کۆکوژیی ئەرمەنییەکان، لە ساڵانی 1894، لە ناو دەوڵەتیی عوسمانی و دواتریش لە دەمی یەکەم جەنگیی جیهانی، بە هەزاران ئەرمەنی تیاداچوون، ئەوان توانییان لۆبی کارەساتی گەلی خۆیان بکەن و زلهێزەکان بخەنە سەر ئەو باوەڕەی ئەم تاوانە بکەنە جینۆساید لە ناوەندە جیهانییەکان، پاشان ڕووداوی هۆڵۆکۆستی جولەکەکان لە ماوەی دووەم جەنگی جیهانی، لە ساڵی 1942، بەهەمان پێودانگ ئەوانیش سەرکەوتوو بوون لە ناساندنی کێشەکەیان و دانپێدانانی جیهانی.

ئێستا ئەو پرسیارە قوت دەبێتەوە ئەوان بەهۆکاری پێرەوی ئاین و سۆزی وڵاتانی زلهێز ئەم کارەیان بۆ مەیسر بووە، بەڵام زۆرێکمان کە دێتە سەر پرسی ئەنفالی کورد، پرسەکە بۆ ئەوە دەگێرنەوە ئێمە دەوڵەت نینە و گەلێکی موسڵمانین، ئەمانە نکولی لێناکرێت ڕۆڵی خۆیان تاڕادەیەک هەبووە، بەڵام کرۆکی کێشەکە زۆر گەورەترە، ئەویش خەم ساردی دەسەڵات دارانی کوردە لەماوەی 30 ساڵدا، سەرباری لەبەردەست بوونی شیانێکی باشی ماددی و بوونی دەسەڵاتی گەورە لە عێراقدا تا هەرەمی دەسەڵات، بەڵام ئەسەف لەبەر ناکۆکی و بێ باکییان لەم پرسەدا، نەیان توانی زامی بریندارانی هەزاران قوربانی ئەنفالکراو سارێژ بکەن و تۆزێک لە ناسۆرییەکانییان برەوێننەوە، هیچ نەبایبە سەددام حوسێنی سەرۆک کۆماری عێراق لەسەر ئەنفال لەسێدارە بدرابایبە ئەو دەرفەتەشییان لە کیسدا، قەرەبووکردنەوەش لەو لا بووەستێت کە نەیان توانییووە حکومەتی عێراق بخەنە ژێر باری بەرپرسیارێتی، ئەبوایە لە سەرجەم مافە کەسی و حزبییەکانی خۆیان خۆشبوونایە و هەموو دەسکەوتێکییان ولا نابایە بەڵام نابوایە لێ بگەڕابانە ئەم کارەساتە هەر وا بە ئاسانی و بێ باکی بچێتە نێو لاپەڕەکانی مێژوو، ئێستاش خەمخۆرانێکی ڕاستەقینە هەبن، ئەکرێت دووبارە کەیسی ئەنفال، ببرێتە قۆناغێکی دیکە، بە داتاو بە زانیاری ورد و باوەڕ پێکراو بسەلمێندرێت لە ناوەندە جیهانییەکان، بەڵام دیسان پێویستی بە کەسانێکی ڕاستگۆ و ڕەشید هەیە، نەوەک کەسانێک خۆی پێ هەڵواسن و لە بریتی خەم لێ خواردن خۆیانی پێ دەوڵەمەنتر بکەن و کەس و کاری ئەنفالەکانیش 150هەزارییان لێ ببڕدرێت لە بریتی ئەوەی ژیانێکی شکۆمەندانەیان بۆ دابین بکرێت.

**سایتی ئاوێنە**



# ئەنفال و مێژوەکی کۆمەلکوژی کورد

## مەسعود عبدالخالق

یەکەم جار نیە ئەو جۆرە کوشتن و برە دژ بە کورد دەکرێ لە مێژووی نوێ ، جاران ئەو هەلمەتانە کراوەتە سەر یەکتر ،ئەگەر زۆر توند بوایە زاراوەی ( تۆ بڕینەوە) بەکاردەهات لە چ16(بدایە و نهایە) باس لە بڕیارێکی جینۆساید دەکا لەسەردەمی ئەمەوی دەرچوە دژ بەکورد:..(وفیها استعمل الحجاج علی فارس محمد بن القاسم الیقفی، وأمرە بقتل الاکراد).،بەلام لەسەر بنچینەی ڕەگەزی نەبوە ،بە شێوەیەك بڕیار بدرێت ڕەگەزێك یان نەتەوەیەك قڕ بکرێت مێژووی دوور نیە ، ئیتحادیەکان لە سالی 1916 دژ بە ئەرمەن کردوویانە ، عەرەبیش دەلێن جمال پاشای سەرکردەی عوسمانی لە بەرەی شام دژ بە ئەفسەر وتێکۆشەرانی عەرەب کردوویە ، ناویشی بوە (جمال سەفاح -هەروەك چۆن علی حسن مجیدیش نازناوی بوە علی کیمیایی)بەلام سەرجەم لە سیدارە دراوەکان ژمارەیان لە 200 تێناپەرێ ،مانای قڕ کردن وجینۆساید وەرناگرێ ،لە دوای دروست بوونی دەولەتی تورکیا بۆ یەکەم جار (ئەتا تورك)پێ ی هەلسا تەنها لە (خەربووت)400 لاوی لەسێدارە داو، ئینجا تەکیەو مزگەوت و دێیەکانی وێرانکرد , نورالدین پاشای سەرکردەی سەربازی (ئەتاتورك)هەمان دەوری (علی حسن مجید)ی بینی, ... و ژن و مندال و ماڵیان تالان کردوون و ئافرەتانیان بە تالابردووە ... هەتا گازی ژهراویش بەکار هاتوە ،هەروەك لە (ژ: 1083)ی ڕۆژنامەی (کورئۆغلۆ: kr- oglu)لە 13/ئەیلول/1938 لە ئەستەمبول بلاوکراوەتەوە ...

لە عیراقیشدا ڕەنگە ئەوەندە بەس بێت هەلویستیکی خودی سەدام حسین بلاو بکەینەوە بزانرێ چ جۆرە ئایدیۆلۆجیایەکی هەلگرتوە دژ بە غەیرە عربی عیراق ،(اجتپوا من أرچ العراق لکی لا یدنسوا تربە العراق ولا یدنسوا هواو العراق ولا یدنسوا الدم العراقی عندما تمتزج دماؤهم بدماو العراقیین بالتزاوج.. وهکژا أجتپتهم الپورە من الجژور لکی تنهیهم وتبقی العراقی الصافی الآبی الوگنی الشریف الژی لا یقبل الژل مرفوع الجبین یبقی دائما وابدا....اگفالا ونساو..شیوخا ورجالا ومن اعمار أخری....)- صدام حسین....جریدە الپورە ١٩٨١/٢/١٦.

لەو سۆنگە ئایدیۆلۆجیە هۆلۆکۆستی لێهاتەدی ، لەژێر سایەی ئەو ڕێنماییە هەزاران خیزانی کوردی فەیلی بەناوی (ڕەچەلەك ئیرانی )دەرکران ،لەکاتیکا ئەوان پیش عرب لەو ناوچەیە بووینە وەك لەنامە وەلامەکەی ئەرستۆش بۆ ئەسکەندەری مەقدۆنی ناوچەی بابل بە ئیرانشار وعەجەم دەبا ،دوایش ئەنفالی تەواوی کوردستان کرا، کە سەرەتاکەی لە تەعریب دەست پێدەکاو دوایش لە شۆڕشی ئەیلول و لەشۆڕشی نوێ بە فراوانی و ڕاشکاوی جێبەجێ کرا .



# ئەنفالی یەکەم

## ئەحمەدی مەلا

من هەشتاکان لە شاری ژنێڤ بووم، بەڵام بە چاوی خۆم ئەنفالی یەکەمم بینی. ئێمە لەوەتەی هەین ئەنفال دەکرێین، ئەمە یادەوەرییەکی زێندووی ئێمەیە، بە ساڵ و مانگ ناپێورێت، بە لە ناوچوونی کەسە خۆشەویستەکانمان ناپێورێت، بە روخاندنی گوندەکان ناپێورێت، بەڵکو ئەنفال تەنها هەر بە خۆی دەپێورێت واتە رەگهەڵکێشکردنی میللەتێک لەسەر خاکی خۆی، ئەنفالی دەرسیم دەکەوێتە پێش ئەنفالی ٦٣، ئەنفالی یەکەم ئەو دەمەیە کە لەشکرێک بە هێز دێت و شوناس و زمان و ئاینی تۆ بە هەق ناناسێت، بەڵکو دەیەوێ شوناسێکی دیکە فەرزبکات. کەواتە ئەنفال بەردەوامە، ئەوەی تورک لە فڕۆکەی سلێمانی کردی ئەنفالە، ئەوەی تورک بە هەولێری دەکات، ئەویش هەر ئەنفالە...

ئەم ئەنفالانە تەنها بە یەک شت قەرەبوو دەکرێنەوە کە میللەت بگاتە ئەو هۆشیارییەی کە بڵێ "ئیدی بەس".


ئێمە هێشتا بەم "ئیدی بەسە" رانەهاتووین، چونکە ئەنفالێک هەیە لە ناوەوە دەمانکرۆژێ، پارچەکانمان لێکدەترازێنێ، هەڵماندەوەشێنێتەوە و ئیرادەمان زەوت دەکات. ئەنفال لە دایکبووی چرکە ساتێک نییە تاکو بەسەریکەینەوە، بەڵکو لە زنجیرەیەکی دانەبڕاوە پێکدێت کە خۆمان بەشدرایی تیا دەکەین، ئەم بەشدارییکردنە چەندین رووی هەیە، بەشێکی لە بێئاگاییەوە دێت، بەشێکی لە ئاگاییەوە، بەشێکی دیکەی بە پلان بەڕێوەدەچێت.

کاتێک مارکێتێکی هەرێم وەسڵت بە زمانی تورکی پێدەدات، ئەمە جۆرێکە لە ئەنفال، چونکە تورکی زمانی رەسمی و نا رەسمی دەوڵەتی عێراق نییە، کاتێک هەوڵ نادرێت کورد لە رێگەی زمانی خۆییەوە، سەرلەنوێ هەڵسێتەوە، ئەمە جۆرێکە لە ئەنفال، کاتێک، هێزی ئیسلامییەکان دەیانەوێت لە رێگەی ئاینەوە، زمانی عەرەبی فەرز کەن و وەکو زمانی مەرجەعی یەکەمی ئاینی تەماشا بکرێت، ئەمەش جۆرێکی دیکەیە لە ئەنفال، کاتێک، میللەتێک لە لای خودی حکومەتەکەیەوە بە شێوەی جیاواز زەلیل دەکرێت، ئەمەش دیسانەوە جۆرێکە لە جۆرەکانی ئەنفال. کاتێک کۆماری بە ناو ئیسلامی، مافی نەتەوەیەکی دیکە بە رەوا نازانێت، ئەمە تەواوی بەرجەستەکردنی ئەنفالە، بە شێوە و ناوەڕۆک.

بۆیە، ئەنفال، وێنەی ئەو گۆڕە بێ ناو و نیشانانە نییە کە لاشەی کوردێکی تیا دەدۆزرێتەوە، وێنەی کڵاوێکی ون بوو و تەسبێح و سەعاتێکی دۆزراوەی ژێر خاک نییە، راستە، ئەمانە شایەدیی دەدەن، بەڵام ئەنفال زۆر لەمانە قووڵتر و رەگهاژووتر و وێرانکەرترە. ئەنفا واتە، بزرکردن و بنبڕکردنی ئیرادەی میللەتێک کە هێز و وزەی ئەوەی تیا نەمێنێ سەیری ئاینده بکات، هەوڵی دروستکردنی خۆی بدات، بەڵکو رابهێنرێت تەنها هەر ئاوڕی ساوێلکانە و گرینۆکانە بۆ رابردوو بداتەوە، ئەنفال واتە فەرزکردنی رابردوو بەسەر ئێستاماندا، واتە، بە منداڵکردنی میللەت تاکو بە کەمترین شت رازی بێت، تا نەپڕژێتە سەر ئەوەی خەون ببینێ، پلان دابڕێژێ و بە هێز و ورەوە سەیری ئاینده بکات!

ئەنفال قەرەبوو ناکرێتەوە، بەڵکو هەوڵدان بۆ دروستکردنی خەون و ئیڕادە ئەو هێزەمان بۆ دەگەڕێنێتەوە تا لەسەر پێی خۆمان بوەستین.

سایتی ئاوێنە



## سەردەشت محەمەد: چۆن یادی ئەنفال بکەینەوە؟

سی و پێنج ساڵ تێپەڕیوە بەسەر تاوانی ئەنفالدا، کەچی ئێستاش گوێ ڕادێرە بۆ کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال، ئەڵێی ئەو چرکەساتەیە کە ئەنفال کراون، لەبری ئەوەی پاش ئەم هەمووساڵە، هەستبکەیت کەمێک لە خەم و ئازار و دەردەدڵییەکانییان کەمی کردبێت، بەپێچەوانەوە کۆڵێک خەم و مەراق و دەردەدڵی دیکەیان بۆ زیادبووە.

بۆئەوەی زیاتر درک بەم ڕاستییە بکەین، ئەوا لە ساڵیادەکاندا دیقەت بدە، ئەم تورەبون و بێزای و خەم و نارەحتیانە بەئاشکرا هەست پێدەکەین و هەندێک جار لە کاتی بەڕێوەچونی یادەکاندا کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال پەنا بۆ ڕێگریکردن لەکردنەوەی یادەکان و پەلاماردانی بەرپرسان دەبەن.

گومان لەوەدا نییە کە بەشێک لەو تورەبونانە بۆ ئەوەدەگەڕێتەوە کە یادەکان هێندە دوبارە و تەقلیدین، ئیدی کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال نەک بەتەنها تاقەتی گوێگرتن و ئامادەبونیان نییە، بەڵکو ناشیانەوێت ئەو یادانەدا بکرێنەوە و نایانەوێت یادەکان تەنها بۆ بەڕێکردنی کاتبێت. بۆیە لێرەوە دەکرێت بەجۆرێکی دیکە یادی ئەنفال بکەینەوە کە شایەنی تاوانێکی وەها گەورە و کەم وێنەبێت. دەکرێت، ئەنفال لە قۆناغی کوڕوزانە و گریان و یادکردنەوە ببەینە قۆناغێکی نوێوە، قۆناغێک کە بەڕاستی قۆناغی خزمەت کردنبێت بە کەیسی ئەنفال. ئیدی لێرەوە دەبێت یادکردنەوەی تاوانی ئەنفال لەدەستی حیزب و حکومەت و تاقم و هەندێک ڕێکخراوی بەرژەوەندیخواز دەربهێنرێت و ڕێگە بدرێت کەسوکاری قوربانییەکان خۆیان یادی ئەو ئازار و نارەحەتی و تاوانە کەموێنەیە بکەنەوە.


ئەگەرچی ساڵانێکی زۆری بەسەردا ڕۆیشتووە، بەڵام هێشتا کات ماوە بۆئەوەی کە پرسی ئەنفال بکرێت بە پرسێکی جیهانی، دەکرێت لەبری ئەم یادانەی کە ساڵانە لە ناوخۆی هەرێمدا دەکرێتەوەو چەند وتارێکی دووبارەو دەبارەی تێدا دەخوێنرێتەوە، بکرێت بەپرسێکی وەها کە حکومەتی ئێستای عێراق ناچاربکرێت بەوەی کە قەرەبوی مادیی و مەعنەوی کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال بکاتەوە. دەکرێت کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال، خۆیان ئەم یادانە ببەنە دەرەوەی هەرێم.

بەداخەوە دوای سی و پێنج ساڵ، هێشتا خەڵکانێک دێن باس لە ئازاری ئەنفال و پرسی ئەنفال دەکەن کە نەک ئەو ئازارانەیان نەچەشتووە، بەڵکو بەشێکیان خۆیان یارمەتیدەر و دەڵدەدەری ئەو کەسانەن کە دەستیان لەتاوانی ئەنفالدا هەیە.

دەکرێت لێرەوە حکومەت ناچاربکرێت بە کردنەوەی سەنتەرێکی توێژینەوەی تایبەت بەپرسی ئەنفال، دەکرێت لەمڕۆوە پەروەردە و تەندروستی و کۆی کایەکانی دیکە بخرێنە خزمەت پرسی ئەنفال و کەسوکاری قوربانیانی ئەنفالەوە، دەکرێت لانی کەم کۆمەڵێک ماف و ئیمتیازاتی تایبەت بدرێت بە تاقانەکانی ئەنفال و کەسانی پلەیەکی قوربانیانی ئەنفال کە جیابکرێنەوە لەخەڵکانی ئاسایی.

دەکرێت بەجۆرێک خزمەت بەم پرسەبکرێت کە ئەگەر لەوپەڕی دونیاوە کەسێک هاتە کوردستان و بەتایبەت گەرمیانی پایتەختی ئەنفالکراوان کە بێ هیچ ڕونکردنەوەیەک خۆی هەست بەوەبکات کە لێرەدا تاوانێکی کەم وێنە ڕویداوە. دەکرێت بەم جۆرە یادی ئەنفال بکەینەوە، ئەگەرنا ئەم یادانە جگە لە کولاندنەوەی برینی کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال نەبێت، هیچ خزمەتێک بە پرسی ئەنفال ناکەن.

سایتی وتاری کورد



# ڕوفاتی ئەنفالەکانی نوگرە سەلمان چۆن دۆزرایەوە

## مێژوو چیرۆکی ئەو ڕۆژگارانە











ساڵی 2003 مانگی 3 کۆبونەوەیەك کرا لەناوەندی ڕاگەیاندنی یەکێتی نیشتیمانی کە ڕژێمی سەدام دەڕوخێت دەبێت تیمێکی ڕاگەیاندن ئامادە بکرێت بۆ چونە ناو شاری بەغداد

تیمەکە لەسەرەتادا تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان و ڕادیۆی دەنگی کوردستان بوو کە بەرێگاوە تاگەیشتن بۆ بەغداد پەخشی بەرنامەی کەوتنی ڕژێمێ سەدامی بکردایە

لەڕۆژی 2003/4/9 کەوتینە ڕێگا لەشاری کەلار بووین

تیمێکی پەیامنێرمان پێش ئێمە ڕۆشتبوون ئەوەی بیرم دێت ( گۆران ئیبراهیم ) وێنەگر بوو لەگەڵ بەهرۆز ڕەحیم کەئێستا لەبزوتنەوەی گۆڕانە لەکەلار نوسینگەیەکمان هەبوو کاك عەدالەت عبداللە بەرێوبەری بوو ، مەگەر هەرمن بزانم کاك عەدالەت و خاتوو تابان گەرمیانی هاوسەری چەند خزمەتیان کرد لەنوسینگە و لەماڵی خۆیان

دواتر خانەقین ڕزگار کرا کەوتینە ڕێ بۆ خانەقین یەك هەفتە لەخانەقین ماینەوە ( مجاهدی خلق ) بەرگری لەعێراق دەکرد نەیێ دەهیشت بپەڕینەوە بەرەو بەغداد

تاشەوێکیان بەچاوی خۆم بینیم فڕۆکەکانی B52 هاتنە ئاسمانی خانەقین بۆردمانیان کرد

فەرمان لەسەرکردایەتی یەکێتی هات کەبگەڕێنەوە بۆ شاری سلێمانی

پاش دوو ڕۆژ فەرمان. کرا بکەوینە ڕێگا بەرەو کەرکوك مام جەلال و کاك نەوشیروان خۆیان لەپێشی ئێمە بوون ، گەیشتینە کەرکوك ، سەرکردایەتی پارتی دیموکرات هەمووی لەوێ بوو کاك مەسعود بارزانی پێشڕەوی دەکردن هەردوو پارتەکە یەکیان گرت زیاتر لە سەد ئوتومبێل بووین ،یەکەم جار بوو بەچاوی خۆم بینیم کورد پێکەوە یەك بێت هێز و شکۆی چەند گەورەو کاریگەرە ، کەوتینە ڕێگای بەغداد

گەیشتینە بەغداد !!

تیمی ڕاگەیاندنی ئێمە فەرمانمان پێکرا بچین بۆ (شارع فەلەستین ) لای زانکۆی موستنسەریە ئەمە هێشتا بەرگری و بەعس لەناو بەغداد ماوە شەڕیش لەفڕۆکەخانەی سەدامی دەولی هەیە

لەشارع فەلەستین کاك سەعدون فەیلی بینای (إتحاد طلبە و شباب ) تایبەت بەعدی سەدام حسێن دانرابوو بۆ ئێمە پێنج نهۆم بوو

لەوێ دامەزراین

ئێمە تەلەفزیونی (الحریە ) مان دانا

برادەرانی ڕادیۆ ، ڕادیۆی (الحریە )

ڕۆژنامەی ئیتحاد دانرا لەگەڵ (إنصات المرکزی )ئەویش هەواڵنامە بوو

باسی نوگرە سەلمان !!!

بەیانیەك لەخەو هەستام سەعات حەوتی بەیانی بوو ، سەیر دەکەم گۆران ئیبراهیم چەند عەرەبێکی لەگەڵدایە

ووتم گۆران ئەمانە چین ووتی ئەمانە سکرتاریەتی مام جەلال ناردوونی شوێنی ڕووفاتی ئەنفالەکان دەزانن ، سەیرم کردن بەیەکێکیانم ووت چۆن دەزانیت خۆت لەوێ کارت کردووە !!!

ووتی لاعینی نحن نحب الاکراد أنی جنت سائق لوری لزمونی بصخره !!

ووتی من کوردم خۆش دەوێت شۆفێری لۆری بووم بەسوخرە بردویانم

تیمەکە دەرچوو ئەوەی ڕوماڵی هەواڵی نوگرە سەلمانی دەکرد کاك گۆران بوو دوکتۆر سەردار و ئیسماعیل و خاتوو سروە عبدالواحد بوو کەئێستا ئەندام پەرلەمانی نەوەی نوێ یە

من زۆر دەترسام لەڕێگا گۆران و ئەو تیمە بکوژن

تیمەکە ڕۆشت شوێنی ڕوفاتیان پیشان درا دەیان. و سەدان ڕوفات دۆزرایەوە شەو پەخشمان. کرد لەتەلەفزیۆن نوسخەی نێردرایەوە بۆ کوردستان بەڕاستی کارەسات و مەرگەسات بوو

دواتر کەگۆران هاتەوە چەند زانیاری تری دەوت کەدەکرێت چەند بەرمامەیەك لەگەڵ گۆران و دوکتۆر سەردار و ئیسماعیل و سروە عبدالواحد بکرێت

بەڵام جەنگاوەری ڕاستەقینە گۆران ئیبراهیم بوو کەئێستا لەوڵاتی ئەڵمانیایە

لەگەڵ دۆزینەوەی ئەو ڕوفاتانە ، کوڕێکی گەنج هات بۆلامان ناوی کاك سیروان بوو من زۆر ڕێزم دەگرت لای ئێمە دەمایەوە شەوان بەڕۆژ عەودالی گەڕان بوو بەدوای مەیتی باوکی و هاوڕێکانی ئەو کوڕە ناوی سیروانی وەستا بەکری دارتاش بوو باوکی لەڕێکخراوی سلێمانی بوو سەرەو نوگم کرابوو ، ئەویش مەیتی باوکی دۆزیەوە بەڵام زۆر هیلاك و ماندوو بوو خوای گەورە لەشی ساغ بکات

ئەم باسە جارێکی تر دای ئەرێژینەوە لەگەڵ هاتنەوەی گۆران ئیبراهیم بۆ شاری سلێمانی

ناوی تەواوی تیمەکەم نەنوسیووە چونکە لەوێنەکەدا تۆمار بووە


شایەت حاڵ ; ئامانجی مامۆستا عومەر

# نەورۆزی 2023 لەباخی نێرگز

وێنەو چالاکی نەورۆزی ٢٠٢٣ لەباخی نێرگز ،کەدەکەوێتە دوڕیانی سەرچنار سوپاسی هاوڕێم ئەندازیار کاك شاڵاو قادر خەیات و کاك سەنگەرقادر خەیات دەکەم کەلەسەر ئەرکی خۆیان ئەم یاد و مەراسیمەیان جێ بەجێ کرد و چەندخانەوادەیەکیان بانگێشت کرد و خزمەتیان کردن نمونەیان زۆر بێت ئامانجی مامۆستا عومەر سەرۆکی ڕێکخراوی خانەوادە دێرینەکانی شاری سلێمانی بۆ پاراستنی کلتور مێژوو
















# بارزانییەکانی قوشتەپە و ئەنفالکراوەکانی بادینان

فازڵ کوردی

لەسەرەتای ١٩٨٠ بەعس بارزانیەکانی لە کۆمەڵگەی زۆرەملێی قوشتەپە کۆکردەوە، لە بارودۆخێکی زۆر ناهەموار بوون، پیاوەکان خەریکی کرێکاری بوون لە هەولێر، ژنەکانیش بە دەست ڕەنگینی خۆیان خەریکی فرۆشتنی کاڵای دەستکردی ڕستن و چنین بوون!

ئەو کات کاری کۆنتراکتەریم دەکرد، بەیانیان چەندین کریکاری بارزانیم دەبرد بۆسەرئیش ئەگەر پێویستیم بە ٤ کریکار بوایە ٨ کریکارم دەبرد تەنها بۆ ئەوەی یارمەتیان بدەم!

جێگای وەبیرهێنانەوەیە بەڕۆژی ڕووناک بەعس دەوری کۆمەڵگای قوشتەپەی گرت زیاتر لە ٨٠٠٠ بارزانی گرت و پاشان زیندە بەچاڵی کردن لە بیابانەکانی نێوان عیراق و سعودیە.

لە کۆتایی ١٩٨٠ بەعس هەڵمەتی بەدناوەی ئەنفالی کرد، بادینیەکانی هێنا بۆ کۆمەڵگای گێژنیکان و بەرحوشتر و گردەچاڵ لە دەوروبەری هەولێر، دەوریان گیرابوو و قەدەغە بوو هیچ کەسێک یارمەتیان بدا یان سەردانیان بکا! تەنها پسوولەی پارێزگار و بەڕێوەبەرە گشتیەکان مافی ئەوەیان هەبوو کە بچنە ناو کۆمەڵگاکە! بەڵام جوامێری خەڵکی هەولێر بێ وێنە بوو بەشێوەیەک لە شێوەکان دەستی یارمەتیان بۆ درێژکردن.

منیش یەکێک بووم لەوانەی کە دەستی یارمەتیم بۆ درێژ کردن، چۆن؟؟

مامم (مەجید کاکۆ) شوفێری تایبەتی بەڕێوەبەری ئەشغاڵ و ئیسکانی هەولێر بوو بەناوی (ئەندازیار اسماعیل دهام)، هەمیش ناسیاری خۆمان بوون چونکە کاتی خۆی باوکی ئاغای ئەو گوندە بوو کە باوکم لێی دەژیا، باوکم نۆبەتداری (دهام ئاغا)ی باوکی اسماعیل دهام بوو، نۆبەتداری و چەکداریەکەی خۆپاراستن بوو لەبەر ئەوی باوکم دوژمندار بوو!

ڕۆژێکیان بە هێمنی خۆم خزاندە ناو ئوتەمبێلەکەی ئەندازیار اسماعیل دهام، مامم مەجید بۆ نانی نیوەڕۆ لەبەر دەرگا وەستاندبووی! نووسراوێکی (الی من یهمه الامر)م دۆزیەوە لەسەر کاغەزێکی سەوزی تەنک چاپکرابوو بۆ چوونە ناو هەرسێ کۆمەڵگای گێژنیکان و بەرحوشتر و گردەچاڵ! بەدەستکاریەکی زۆر زانا ناوی خۆم خستە سەر نووسراوەکە!

داوام لە (مام دەروێش) شوفێری هۆبەی ئەندازیاری زانکۆی سەلاحەددین و ڕزگار بوو لە کوشتن و تیرۆرکردنی لەلایەن پاسەوانەکانی ئیبراهیم زەنگەنەی پارێزگاری هەولێر، کە خۆشم یەکێک بووم لە ڕزگاربووەکانی دەستی ڕەشی ئیبراهیم زەنگەنە، بەتایبەتی براکەی! لەگەڵ مام دەروێش ڕێککەوتین کە بەیانیان زوو پاش نوێژی بەیانی بە پیکابی زانکۆ هەوڵ بدەین هەندێ پێویستی و کەلوپەل بۆ ئاوارەکان ببەین! مام دەروێش بەبێ دوودڵی ئامادەبوو، من دەستم بە کڕینی نەعلی لاستیک و ئیسفەنج و هەندێ قاپ و قاچاغ کرد، مام دەروێش هەمووی بردە ماڵەکەی خۆی لە گوندی شاوێس! بە پیکابی زانکۆ و نووسراوە دەستکاریەکەی ئەندازیار اسماعیل دهام توانیمان بەپێی پێویست هاوکاریەکان بگەیەنین بە خەڵکی لێقەوماوی بادینان لەهەرسێ کۆمەڵگا زۆرەملێکە.

سایتی زەمەن




# شێرکۆ بێکەس بۆشاڵاوی ئەنفال

خەو نەبوون، کیژۆڵە خەون نەبوون
ئەوە ڕەزبوون و ئەمردن
ئەوە ئاوبوون و ئەخنکان
ئەوە بەرد بوون و شل ئەبوون
ئەوە گۆم بوون و ڕەق ئەبوون
...خەون نەبوون کیژۆڵە خەون نەبوون
ئەوە دەستی سەرگوزشتە و
خەیاڵ نەبوو کیژۆڵەکەم..
ئەوە دەستی نیوەی دونیا و نیوەی دەوڵەت و
قانوون بوو کە ئەهات و
تۆی ئەخستە زیلێکەوە و
دوور ئەیبردی..

ئەوە نیوەی بلیمەتی و نیوەی عەقڵ و
نیوەی زانای جیهانێ بوو
بەیەکەوە لەگەڵ((مونتەسیر بیللا))دا
با ی بۆگەنیان بۆ هەڵکردی
خەون نەبوون کیژۆڵە..خەون نەبوون
کڵۆ خەڵوزە ساردەکە
ئەوە مەمکێکی دایکت بوو
تۆپەڵە سورو گەرمەکە
ئەوە دەماغی باوکت بوو
خەون نەبوون کیژۆڵە..خەون نەبوون
..............
خەو نەبوون کیژۆڵە خەو نەبوون
وەکوو پرچ و زەردەخەنەو گوارەکانت
حەقیقەت بوون
خەو نەبوون هەرگیز خەو نەبوون
ئەی بە چاوی خۆت نەتبینی
گوڵەکان چۆن لە ترساندا ڕایان ئەکرد
بنچکەکان هەڵئەهاتن
ئەی بە چاوی خۆت نەتبینی
کەروێشێک خۆی ئەکرد بە پەیکەر
هەتاو خۆی ئەکرد بە سێبەر
ئەی بە گوێی خۆت گوێت لێ نەبوو
لەو ئێوارە بەسامەدا
سەگەکەمان کەوتە قسەو
بەڵام مەرد بوو
وتی چی ئەکەن با بیکەن
بەڵام من نابم بە بەعسی .!
خەون نەبوو کیژۆڵەکەم خەون نەبوو



# یەکێتی مامۆستایان، لەنێوان پاشکۆیەتی وسەربەخۆیی

## ڕەووف محەمەد ئالانی



مەبەست لە ڕێکخراوی پیشەیی ، کۆکردنەوەویەکخستنی تواناکان وبەگەڕخستنیانە، بە مەبەستی ئامانجی گەورەو دیاریکردنی ستراتیژێکی گونجاو بەڕێگەیەکی دیمۆکراسیانە، یان کۆکردنەوەی چەندکەسێک که نزیکبن لە بیروڕا، یان توێژێک تا بتوانن ئامانجەکانیان دیاریبکەن و ببنە هێزێکی فشار بۆئەو ئامانجە دیاریکراوانەی مەبەستە بەدی بێن که لەناو چوارچێوەیەکی پەیڕەویدا ئەرک وئامانجەکان دیاری دەکرێن.

ئەو ڕێکخراوانە پێکهاتەی کۆمەڵگەن، شێوازو جۆرەکانیان بەپێی پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکان وکارکردنیان جیاوازە، ڕێکخراوی پیشەیی لە وولاتێکەوە بۆ وولاتێکیتر، شێوازوپێکهاتەو پەیڕەوەکانیان، دەگۆڕێن، لەو وولاتانەی دیمۆکراسیەت و دادوەری هەنگاوی گەورەی بڕیوە، هەلومەرج ودۆخی ڕێکخواوەیی باشتر دەڕەخسێت وزووترئامانجەکانیان بەدیدێنن.

بەڵام لەکۆمەڵگە دواکەووتوەکان و وابەستەییەکان، هیچ لەوئامانجانە نەک هەر بەدینایەن، بگرە ئەو ڕێکخراوانە خۆیان دەبنە لەمپەری خۆیان، چونکە پەلی حیزب دەگرن بۆ ناوخۆیان، یان حیزبەکان دایان دەمەزرێنن، بەدڵی خۆیان هەیکەلی ڕێکخراوەکە دادەنێن، لەبەر ئەوەیە هیچ کات نابنە هێزی فشاربۆمەبەست وئامانجە دیاریکراوەکان، ئەوەی بۆتە خاڵی جیاکەرەوەی ئەو دوو جۆرە لەڕێکخراوەکان، لەو شوێن و پێگە و جوگرافیانەی دیمۆکراسیانە وشارستانیانە مامەڵە لەگەڵ ڕێکخراوەکان دەکەن، چەند فاکتەرێکی بەهێزبوونیان هەیە لە گەیشتنی ئەوڕێکخراوانەی لە وولاتە پێشکەوتووەکاندان، کە لەم دوو خاڵەدا کورت دەکەمەوە:

١-سەربەخۆیی ئەوڕێکخراوانە، واتە لەژێرچەتری هیچ ئایدۆلۆژیەکدا نین، بەپێی ئەو پلان و بەرنامەیە کاردەکەن کە کۆیکردونەتەوە

٢-لەمپەروڕێگریەکانی بەردەم ئەو ڕێکخراوانە کەمن یان هەرنین، بەپێی یاسا ودەستور وا ڕێکخراوون، ببنە بەشێک لە هاوکاروپشتیوانی کایەکانی ژیانی کۆمەڵگە

هەموو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی شارستانی، لە کۆمەلگە ڕۆژهەلاتیەکان بەگشتی و لەم هەرێمەی خۆمان بەتایبەتتر، هەر بەناو شارستانیین، لەڕاستیدا، پاشکۆی حیزبەکانن، ئەم ڕاستیە بۆ هەموو ڕێکخراوەکان گونجاوەو پشتڕاست دەکرێتەوە.

ئەوەی مەبەستمە لێی بدوێم، ڕێکخراوی یەکێتی مامۆستایانی کوردستانە، ئەم ڕێکخراوە، لە ١٥-٥-١٩٦٢ دامەزراوە، ئەم ڕێکخراوە بەکۆمەڵێ دۆخ و هەلومەرجی سەختدا ڕۆیشتوە، ناکرێ ڕۆڵو بایەخوخزمەتەکانی ئەو مامۆستا، بەئەزموونانە فەرامۆشبکرین، کەلەسەرەتاکانەوە بێ هیچ مەبەستێکی خراپ و ئامانجی کەسیان ڕۆڵی باشیان گێڕاوە لە دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوەدا، بەڵام هەلومەرجی کوردستان و ئەودۆخە سیاسیەی تێیدابووە، کاروخزمەت وئامانجەکانی ئەو خەمخۆرانەی کارکەنارخستوەوئەوانیشی بێهیوا هێشتۆتەوە، لێرەوە، سەری ڕێزو وەفا بۆ ئەوەنە دادەنەوێنم، کە بەدڵسۆزانەو خەمخۆرانە، خواستیان خزمەتکردنی مامۆستایان و زمانی شیرینی کوردی بووە.

دوای (٦١) ساڵ لەدامەزراندنی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، ئەبێ بەچاوی هەڵسەنگاندن و ڕەخنەگرتن لەو کەمتەرخەمیانەی بەرچاومان دەکەون ودیاریکردنی لایەنە باش وخراپەکان، هەست بە شێواوی وترازان و دوورکەوتنەوە لە ئامانج و بوون بە ژێرەوەی خزمەتەکان و لەدەستدانی سەربەخۆیی کارکردن و دابەشبوون و بوون بە پاشکۆی حیزبەکان ، لەئامانج وسەرەتاکانی خەونی دروستبوونەکەی دووریخستۆتەوە.

تائێستا ئەو ڕێکخراوە، دوانزا کۆنگرەی بەستوە، بەهۆی دابەشبوونی کارگێڕی و بوون بە دوو زۆنی هەرێمی کوردستان، یەکێتی مامۆستایانیش، دابەش بوو، بۆ دوو زۆن، هەر کە هەرێمی کوردستان بەناو یەکیگرتەوە، ساڵی ٢٠٠٧ ئەم ڕێکخراوەش یەکیگرتەوە.

یەکێتی مامۆستایان، پێویستە ببێتە هەوێنی دروستکردنی ئاراستەو فەلسەفەیەکی پەروەردەیی هاوچەرخ و مۆدێرن، دەبێ بپرسین، تاچەند بۆتە بەدیهێنانی ئەو ئامانجە؟ ئایا ئەم ڕێکخراوە، تاچەند بۆتە هێزی فشار بۆ دەسەڵات، لەپێناو ئامانجاکانی توێژی مامۆستایان و باشترکردنی پەروەردە؟

دەبوایە یەکێتی مامۆستایان خەباتی بۆ دوورخستنەوەی ئایدۆلۆژیای تەسکی حیزب بکردایە لەناو پرۆسەی خوێندن، نەک خۆشی ببێتە بەشێک لەو ئەجێندا خراپە و پەروەردە وێران بکات.

ساڵی ١٩٦٠ عەبدوڵا گۆرانی شاعیر، بۆ کۆنفرانسی دووەمی مامۆستایانی کورد، لەشەقڵاوا، بەجوانی خواستی مامۆستایان، دەخاتەڕوو، دەڵێ:

ماموستایان ئەیانەوێ
هەتاوی کورد زوو دەرکەوێ
ڕێی بیر بۆ مێشکمان خۆش کەن
زمانمان بە کوردی گۆش کەن
ئێمەیش شوێن کەوتووی کاروانین
هەم خانەخوێین، هەم میوانین.

لەم ڕۆژانەدا، حیزبەکان نوێنەری خۆیان لەناوحیزبەکانیان دیاریکردوە، بەمەبەستی خۆخزاندنە ناو مامۆستایان، تا دەستبخەنە ناوهەڵبژاردنی ئەو ڕێکخراوەوە، بەمەبەستی ئەوەی زۆرترین نوێنەری خۆیان دابنێن، جا ڕێکخراوێک بەمجۆرە کاری لەسەر بکرێت وبکرێتە بارەگای حیزبەکان، کام ئومێدوهیوای لەسەر هەڵدەچنرێت بۆپرۆسەی پەروەردەو توێژی مامۆستایان؟

بۆدڵنیابوون لە باشکردن وڕاستکردنەوەی ڕەوتی کارو ئەرکی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، ئەوەی گرنگە بکرێت، دوورخستنەوەی دەستی حیزبەکانە لەو ڕێکخراوەو بەپیشەیی بوونیەتی، نەک پشکپشکێنەی لایەنەکان.

# تۆفیق وەهبی:

## هەتا ١٥٠ ساڵی تر کورد کەر ئەمێنێ؟

هونەر تۆفیق

ئەوە پرسیاری عەلامە تۆفیق وەهبی بووە لە ١٩٣٣دا بەنیگەرانیەوە لە ئینگلیزەکانی پرسیووە.

ساڵی ١٩٧٦ لە لەندەن، بۆ ئەمیری حەسەن پوری دەگێڕێتەوەو دەڵێت: دەستم کرد بە کەلیمە دۆزینەوە، لەو ڕۆژەوە (١٩٣٣) هەتا گەیشتینە ساڵی١٩٤٢، ئەوە بوو لە گەلاوێژدا بەعزێکم بڵاو کردەوە بۆ ئینگلیزەکان. کە ئەمنووسی، خەڵك تێنەئەگەیشتن لە کەلیمەکانی ( چونکە وشەی تازەی کوردیم لەبری عەرەبییەکان دانابوو) من قامووسم دروست کرد کە تێبگەن، کەچی چوون شکاتیان کرد لێم. ئینگلیزەکان گوتیان تۆ کە مردی، لەپاش 150ساڵیتر کورد بۆ تۆ لە ئاڵتوون هەیکەل ئەکا.

ساتیع حوسەری دامەزرێنەری فیکری عروبە لەبیرەوەیەکانیدا دەگێڕێتەوە: بۆ ئێمە گرنگ بوو کوردەکان لە عێراقدا بهێڵینەوە، لەناو مەنزومەی عروبەدابن، ئینگلیزەکان تۆفیق وەهبیان ڕاسپاردوو ڕێزمانی کوردی و ڕێنوسی زمانی کوردی بنوسێتەوە بۆ ئەوەی لە خوێندنگەکاندا بەکوردی بخوێنرێت، تۆفیق وەهبی ڕێنوسی لاتینی بۆ زمانی کوردی دانابوو کەئەمەش دەبووە هۆکاری دوور کەوتنەوەی کوردەکان لە عێراق و عروبەوە، بۆیە پەیوەندیمان کرد بە مەلا و شێخە ناودارەکانی کوردەوە تا بەخەڵکی کورد بڵێن تۆفیق وەهبی پیاوی ئینگلیزە و کافرە چونکە دەیەوێت ڕێنوسی قورئان بگۆڕێت.

تۆفیق وەهبی دەڵێت: کاتێک ئینگلیزەکان بەمنیان گوت کورد لەپاش ١٥٠ ساڵی تر پەیکەری ئاڵتونت بۆ دەکەن گوتم: عەفوو تۆ من تەحقیر ئەکەی، کورد هەتا ١٥٠ ساڵی کە کەر ئەمێنێ؟ گوتم زۆرە، ئەمەوێ کورد زووتر بزانێ کە من خزمەتی ئەکەم.

لەهەمان گێڕانەوەدا باسی ئەوە دەکات کە شێخ مەحمود و کەسایەتیە ئایینیەکان ڕقیان لێ ی بووە، ویستویانە بیکوژن. دەگێڕێتەوەو دەڵێت: بەپلانی شێخ مەحمود، بەڕێوەبەری پۆلیس چۆتە دیوەخانەکەی شێخ گوتراوە : تۆفیق وەهبی و جەماعەتێ لە منەوەرەکان دانیشتوون عارەق ئەخۆنەوە، منەوەر، ئێستە پێیان ئەڵێن ڕۆشنبیر؛ ئەچین لە سەربانەوە ئەیانکوژین، لە هەیوانی ماڵی ڕەشید جەودەت عارەق ئەخۆنەوە، ئەیانکوژین. ئەوانیش وتیان مەکە، چۆن ئەبێ، تۆفیق وەهبی پیاوێکە ئەوەنە خۆنوییەتی، ئێمە ئەوانە هەموو خوێنەواری ئێمەن، یەعنی نامێنێ، کەوابێ هیچ کەس نامێنێ، نابێ ئەمە، خوا هەڵناگرێ. ئەو عەلی ئاغایە زۆر هینی کردووە، مومانەعەی کردووە.

کاتێک بیرەوەری هەریەک لە ساتع حوسەری و تۆفیق وەهبی بەجیا دەخوێنینەوە، دەبینین لەسەد ساڵی ڕابردوودا گۆڕانکاریەکی ئەوتۆ بەسەر پەیوەندی نێوان ڕۆشنبیر و پیاوانی ئاییندا نەهاتووە، سەد ساڵ لە ١٥٠ ساڵی تەخمینەکەی ئینگلیز تێپەڕیوە و هێشتاکە ٥٠ ساڵی ترمان ماوە.

-___________


- ڕێنووسی ئەم تێکستەم وەک خۆی داناوەتەوە.
- لە پەیجی زەردەشتییەکان وەرگیراوە.



# ئامانج

## ڕزگار خدر مستەفا

بێ ئامانج ژیان زۆر بێ مانایە
چەندێ ڕەنج بدەی ڕەنجت بەبایە
خەیاڵی زۆر و بیری بەربڵاو
ناگاتە مەبەست، وەک خەیاڵ پڵاو
ئەگەر نەزانی لە ژین چیت ئەوێ
مەحاڵە تیرت بەر نیشان کەوێ
ئەبیتە کۆیلەی قسەی ئەم و ئەو
شادی نابینی نە ڕۆژ و نە شەو
مەلی قەفەس بی هەردەم غەمباری
قەفەزت شکاند بوێر و دیاری
ئەگەر ترسنۆک سەد ساڵ تەمەن کا
تەنها جەستەیە و تام لە ژین ناکا
دەم بە پێکەنین شاد و سەرمەست بە
لە خەمی دنیا هەوڵدە دەربەست بە
گەر خەمی دنیا بدەی بە کۆڵا
تەمەنی جوانیت بێهودە دەڕوا
چاوەڕێی خەم بی کۆتایی نایە
هەرکا خەمێ ڕۆی خەمی لە دوایە
بوێربە و بژی بە شادی و خۆشی
تاکو شەرابی شادی بنۆشی



# رۆڵی جاش لە ئەنفالدا

عەلی مەحمود محەمەد    دراو میدیا

ئۆپەراسیۆنی ئەنفال بە بەشداری سوپای عێراقو هێزە تایبەتەکانو ئەمنو ئیستخباراتو... بە هاوکاری زیاتر لە 366 فەوجی جاشو دەیان مەفرەزە خاسەی جاشی کورد ئەنجامدران. هاشم سوڵتان لەوتەیەکی بەرگریدا لە پرۆسەی دادگایی ئەنفالدا ژمارەی جاشەکانی بە 250000 کەس دیاریکردووە.

لەسەرجەم ئۆپەراسیۆنەکاندا دیدەرەکان شایەدی ئەوە دەدەن، جاشەکان لەهەموو ئۆپەراسیۆنەکان پێش سوپا کەوتوون، زۆرینەی خەڵکەکە بە چاوساغیو درۆی ئەوان دەستگیرکراون، بەپێی بەڵگەنامەکان هیچ فەوجو مەفرەزەی تایبەتی جاش نییە، بەشداری چەند پرۆسەیەکی ئەنفالیان نەکردبێت، لەماوەی ئەنفالدا بەشدار نەبوبێت، یاخود هاوکات لەگەڵ بەشداری لەوکاتو شوێنەدا ئەرکیان پێ نەسپێردرابێت.

بۆچی جاشەکان هەموو تاوانباری بەشداری ئەنفالن؟

لە ڕێکەوتی 8-9-1987 بە نوسراوی ژمارە 5731ی بیرۆی باکوری پارتی بەعسی عەرەبی سۆسیالستی، بڕیاردرا تەنها 50%ی پێکهاتەی فەوجە خەفیفەکان لە بارەگا جێگیرەکانیانو ڕەبایەکان بمێننەوە، ئەوی دی بەکاربهێنرێن بۆ پەلاماری گوندە قەدەغەکراوەکان، بۆ ئەوەی پەلاماری پێشمەرگەو دانیشتوانە سڤیلەکەی بدەن، لە هێرشەکاندا پێش سوپا کەوتن، بەشداریانکرد لە پەلاماری هاوڵاتیانی سڤیلی لادێنشین، خانووی هاوڵاتیانیان ڕوخاند، مزگەوتو قوتابخانەو نەخۆشخانەیان وێران کرد، لە تاڵانیش دەستیان نەپاراست، بڕیاری 4008یش لەوبارەوە ئازادیانی کرد لە تاڵانکردن. واتا بەردەوام چارەکی کۆی ژمارەی فەوجە خەفیفەکان لەماوەی ئەو 364 ڕۆژەدا لەئەرکدا بوون لەپانتایی جوگرافیای کوردستان، وێڕای چارەکێکی زیاتری دیکەیان بەردەوام لەبارەگاو ڕەبایەکاندا پارێزگاری حکومەتیان دەکردو ڕێگاکانیان دەپاراستو بۆسەیان دادەنایەوە لەسەر ڕێگاکان بۆ پێشمەرگەو هاوڵاتیان، دەیانو سەدان تاوانی جەرگبڕیان لەو بۆسانە ئەنجامدا. لە تەواوی پرۆسەی ئەنفالەکانو قۆڵەکانیەوە، سەرەتا جاشەکان چونەتە گوندەکانو هەڵەتو شیو دۆڵو ناو ئەشکەوتەکانو سەر چیاکان دواتر سوپا، بەمەش دەردەکەوێت تەواوی فەوجە جاشەکان لە پرۆسەی ئەنفالدا لانی کەم چەندینجار بەشدارییان کردووە لە تاوانەکەو هاوپشکن لە تاواندا تۆمەتبارن بە ئەنجامدانی جینۆساید، ناویان لە لیستی تۆمەتبارانی ئەنفال نوسرابێت یان نا. تەنانەت منداڵانیان چەکدار دەکرد بۆ موچەکانیان، لەو ئاستەدا ژمارەیەکی زۆریشیانیان بە کوشتدا، ئەمەش تاوانێکی دیکەیانە لەپاڵ تاوانی بەشداری لە تاوانی جینۆسایدی ئەنفال.

پشکی جاش لە جێبەجێکردنی بڕیاری 4008دا

لە ئۆپەراسیۆنی ئەنفالدا زۆربەی دەستکەوتەکان کە بەدەست دەهێنران لە سەروەتو سامان بۆ فەوجی جاشەکانو هێزەکانی حکومەتی عێراقی بوون بەپێی بڕیارەکە، هێزەکان عێراق بەتەواوی دەستکراوە کران بۆ فەرهودو تاڵانی، بەتایبەت فەوجەکانی جاش.

خاڵی حەوت لە بڕیاری 4008، جاشەکانی سەرپشککرد لە تاڵانکردن "هەموو ئەو شتومەکانەی کەوا فەوجەکانی بەرگری نیشتمانی جەنگاوەرەکانیان دەستیاندەکەوێت بۆ خۆیان دەبێت، تەنها چەکە قورسەکانو چەکی پشتیوانیو چەکی مام ناوەندی نەبێت چەکە سوکەکان بۆ خۆیان دەبێت، ئێمەی لێ ئاگادار بکەنەوەو تەنها ژمارەکانیان تۆمار بکەن. پێویستە لەسەر فەرماندەی جحافلەکان چالاك بنوو بۆ ئاگادارکردنەوەی هەموو موستەشارەکانو فەرماندەی سرییەکانو مەفرەزەکانیان، وە بە وردی ئێمە ئاگادار بکرێینەوە لە چالاکییەکانی فەوجەکانی بەرگری نیشتمانی".

لە ئۆپەراسیۆنی ئەنفالی یەك 70 فەوجی جاش جگە لە مەفرەزە خاسەکان بەشداربوون، ئەنفالی دوو 77 فەوجی جاش، ئەنفالی سێ 70 فەوجی جاش، ئەنفالی چوار 55 فەوجی جاش، ئەنفالی 5و 6و 7 چلو پێنج فەوجی جاش بەشدارییان کرد.

هەرچەندە ئەنفالی 1و دوو و چوارو هەشت بە ئۆپەراسیۆنی سوپا ناوزەد کراوە، سێو پێنجو شەشو حەوت بە ئۆپەراسیۆنی جاشو هێزە ناوچەییەکان، بەڵام لە ئەنفالی هەشتدا لانی کەم 163 فەوجی جاشی خەفیفە کۆی گشتی 65,375 جاش بەشداری ئۆپەراسیۆنەکەیان کردووە.



بەپێی بەڵگەنامەیەك بە واژۆی سەرکردەی ئۆپەراسیۆن لیوا روکن یوسف محەمەد ئەلزەرب، فەرماندەی لەشکری پێنج لەجۆری (ئەوپەڕێ نهێنیو تایبەت) بە ژمارە (ح2  2422) لە (25 ك. 1. 1988) بۆ فەرماندەیی گشتی سوپای ناردووە، دیاریکردووە لەو شاڵاوە 13553 کەس دەستگیرکراون، کە "893 کەسیان تێکدەرن" پێشمەرگە"، 737 کەسیان تێکدەری خۆ بەدەستەوەدەر، 1489 پیاو، 3373 ژن، 6964 منداڵ" بوون. هاوکات لە ڕاپۆرتەکە ستایشی ڕۆڵی فەوجە خەفیفەکانی کردووە کە لە هەموو قۆڵەکانەوە پێش کەرتەکانی سوپا کەوتوون، بەشداری ڕوخاندنی لادێکانو تاڵانیەکانیان کردووە. جاشەکان سەرباری ئەوەی ڕاستەوخۆ لە کردە سەربازییەکان پێش سوپا کەوتونو بەهۆی شارەزاییو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیانەوە هۆکاری گرتنی زۆرینەی خەڵك بوون، هاوکات لەڕێگای ئەوانیشەوە خەڵکێکی زۆر تەسلیم بوونەتەوە کە زۆرینەیان پیاوی گەنجو زۆریان چەکدار بوون، واتا لە کاتی ئۆپەراسیۆنی ئەنفالو کاتی ئاساییدا ڕۆڵی خۆیان لە ئەنفالکردنی خەڵکدا گێڕاوە.

جاری واش ڕێککەوتووە لە پرۆسەی ئەنفالدا جاشەکان ڕۆڵی پۆزەتیفیان گێڕاوە وەك لە ئامریەی سەربازگەی تەق تەق بە هاوکاری جاشەکان هەندێکیان ئازادکراون لە چەمچەماڵو دوزیش جاشەکان هەندێکی دیکەیان ئازادکردووە، تاكو تەرا لێرەو لەوێش جاشەکان ژنو منداڵیان لەزۆر جێگا بەهۆی خزمایەتیەوە بەرداوە .

دادگاییکردن

لە پرۆسەی دادگاییەکەی دۆسییەی ئەنفال حەوت تۆمەتبار وەك تۆمەتباری سەرەکی دادگاییکران، وە 42 تۆمەتباریش لە هەنگاوی یەکەمدا دیاریکرابوون بۆ دادگاییکردن لێ ئامادە نەبوون وەك لە دوو نامەی دادگای باڵای تاوانەکاندا ناویان هاتووە "بەپێی نووسراوی ف2  1445 ڕێکەوتی 18-12-2005ی دادگای باڵای تاوانەکان، بڕیاری گرتن بۆ 24 کەس دەرچووە، کە بریتی بوون لە" نزار خەزرەجی، یونس ئەلدرب، ئەیاد خەلیل زەکی 89-اللواێ الرکن (ایاد خلیل زکی) قائد ق ق جح /د و /، ڕەمزی مەحمود 92-اللواێ الرکن (رمزی محمود عبدالله) قائد فق مش /33/، سەعید مەحمود باریکە، قاسم درەیی 216- قاسم رشید درەیی، معتەسەم بەرزنجی، یاسین ڕەئوف، تەحسین شاوەیس، قاسم ئاغای کۆیە، بایز عەبدالڕەحمان، عەلی ئەحمەد ڕەشید، نیعمە فارس 86-الفریق الرکن (نعمە فارس حسین) معاون رئیس ارکان الجیش للتدریب، حەمید شەعبان، نەجم عەبدوڵا دوری، عیسمەت سابیر 94-اللواێ الرکن (عصمت صابر عمر) قائد فق /4/، عەدنان جەباری 179-سعید عدنان جباری، جیهان موسا، ڕەفعەت گلی شمال رفعت کلی امر سریە، عوسمان شێخ سەعید، شێرزاد ساڵەح، تۆفیق جەبار قارەمان 159-توفیق جبار قارمان، حوسێن شێخ سەعید، حەسیب حەمە ئینجە".

# ڕۆژنامەی کوردستان

ئامادەکردن
ڕەفیق ساڵح
سدیق ساڵح
بەشی سێیەم

بە ڕەچاوکردنی لەلایەکەوە وادەکانی پێشووی دەرچوونی ڕۆژنامەکە، لەلایەکی ترەوە ئاڵۆزبوونو شێوانی بارودۆخەکە، بەتایبەت دوای دەستپێکردنی هێرشی ئەرتەشو ئەمجا گرتنی تەورێز، پاڵەچآ ڕۆژنامەکە لەدواین مانگو- وردتر بڵێین- دواین ١٠ ڕۆژ یا حەفتەدا وەستابآ؛ دوا ژمارە کەموزۆر خۆی لە ١١٣ دابآ. ئەم خاڵە، تا دۆزینەوەو پەیداکردنی ژمارە ونەکان، هەروا لە مەزەندەدا ئەمێنێتەوە.

١. ١. ٥. بڵاوبوونەوە:

"کوردستان"، هەر ناوچەیەک تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی تێدا بووبآ، کە بە هێندآ (ئاگاداری)دا دیارە ئەم ڕۆژنامەیەیان بۆ نێردراوە، لە سەرتاسەری قەڵەمڕەوی حکوومەتی میللی کوردستانو ناوچە کوردنشینەکانی ئازەربایجان (ئازەربایجانی ڕۆژاوا)دا، وەک نەغەدە، شنۆ، ماکۆ، خۆی، سۆما، سندوس، شاپوور، ورمآ، لاهیجان، پیران، میاندواو، بۆکان، مەنگوڕ، مەهاباد بڵاوبووەتەوە. بآگومان بەنهێنی لێی گەیەنراوەتەوە ناوچەکانی تری کوردستانو کرماشان و دیوی کوردستانی گەرمێن (عیراق)یش .

١. ١. ٦. باری دارایی:

"کوردستان"، وەک بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە حوکمی ئەوەی ئەو حیزبە حکوومەتەکەی بەڕێوە بردووە، ئۆرگانی ڕەسمیی حکوومەتیش بووە. بەو پێیە حکومەت خەرجیی پێویستیو کەرەستەی چاپو لەچاپدانیی کێشاوە.

فرۆشی ڕۆژنامەکە سەرچاوەی سەرەکیی دەرهێنانەوەی خەرجیی بووە. نرخی دانەیەکی تا (ژ٦٤) یەک ڕیاڵ، لەوەبەدوا بووە بە قرانێک. هەردوو ژمارەی (٧٥، ل٤؛ ٧٦، ل٤) دانەی بە ڕیاڵێکیش نووسیوە، کە هەڵەیە. (ئابوونمان)ی ڕۆژنامە لە ژمارە (١-٥٢) یەکساڵە ٣٠٠، شەش مانگە ١٦٠ بووە. لە ژمارە (٥٣)وە ساڵانە بۆ ١٥٠ ڕیاڵ شەش مانگە بۆ ٨٠ ڕیاڵ دابەزێنراوە؛ لە ژمارە (٦٥)ـەوە ئابوونمانی سآ مانگەیش بە ٤٠ ڕیاڵ قبووڵ کراوە.

سەرچاوەیەکی تری داهاتی، مزی ئاگاداری بڵاوکردنەوە بووە، کە سەرەتا (ژ١٦، ل٤) بەم شێوەیە بووە:

١-لاپەڕی ١دێری ٣ ڕیاڵ
٢-لاپەڕی ٢دێری ٢,٥ ڕیاڵ
٣-لاپەڕی ٣دێری ١,٥ ڕیاڵ
٤-لاپەڕی ٤دێری ١ ڕیاڵ
٥-کاغەزو پاکەت: یەدی ٢٠ ڕیاڵ

بەڵام لە ژمارە (٩٢، ل٣) بەدواوە ئاگاداری لە هەر لاپەڕەیەکیدا بڵاوبووبێتەوە، ٣ ڕیاڵ بووە.

ئیدارەی چاپخانە لە (تکا: ژ٢٥، ل٣)دا، بۆ دابینکردنی داهات بۆ ڕاییکردنی کاری خۆی، نووسیویە: ((حیزبی دیموکراتی کوردستان، دارائی، شارەوانی، هێز، شارداریو...بیخوێننەوە: ڕجامان وایە بۆ ئەوەی میللەت لە کاری هەموان ئاگاداریی هەبێت، هەموو ڕۆژآ نەتیجەی کاری ڕۆژانەی خۆیان: ئینتیبابات، ئینتیقالات، بودجە، موجازات، دەستگیرکردنی خائینانو هەر کارآ کە بۆ نووسین لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بگونجآ، بە وەسیلەی مەئموورێک کە دەیکەنە باوەڕپێکراوی ئەم کارە بە ئیدارەی ڕۆژنامەی کوردستان وەڵام بدەن کە بۆ ئاگاداری هەموو کەس دە ڕۆژنامەدا بڵاوبکرێتەوە، دەپاڕێینەوە کە دەم کارەدا زۆر تەوەجوە بفەرموون.))

کێشەیەکی ئیدارەخانەی ڕۆژنامەکە پێمل نەبوونی کریارانی بەردەوامی بووە بە دانو ناردنی پارەی ئابوونمان، بۆیە چەند جارێک (ژ٣، ل٤؛ ژ١٧، ل٣؛ ژ١٨، ل٤؛ ژ٢٣، ل٣؛ ژ٣٢، ل٣؛ ژ٩٢، ل٤) تکا کراوە ئەو پارەیە بنێرن. لە (ئاگاداری)یەکی (ژ٤٠، ل٤)دا وردترو ڕەوانتر وتراوە: ((برایانی خۆشەویست، خوێنەوارانی بەرز- بۆ خۆتان گەواهی دەفەرموون کە ڕۆژنامەو گۆواری کوردستان لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە چاپ دەکرآو بڵاو دەبێتەوەو چاپی ئەمانەش خەرجێکی زۆر هەڵدەگرآو بێجگە لە هیممەتی برایانو خوێندەواران جێگای داهاتێکیان نییە، لە تەواوی لکەکانی حیزبیو برایانو خوێندەوارانی بەرز تکا دەکەین بۆ ئەوەی لای کەم ڕۆژنامەو گۆوار بتوانن نیوەی خەرجیی خۆیان دەربێنن، تەوەجوە بفەرموون ئەو کەسانەی کە بۆ ئابوونمانی گۆوار یا ڕۆژنامەی کوردستان ئەشێن یووڕەتمان بۆ بنێرنو لە زیادبوونی ئابوونمان تەوەجوە بفەرموون کە بە نێوی خۆیان ڕۆژنامە بنێرن.

دەفتەری ڕۆژنامەو گۆواری کوردستان))

١. ١. ٧. چاپخانە:

موکریان، پێشتر چاپخانەی بەخۆوە نەدیبوو. ئەو ڕۆژگارە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک هێنرا، دوو چاپخانە هێنرایە ناوچەکە: یەکیان بۆ مەهاباد، ئەوی تر بۆ بۆکان. "کوردستان" لەو چاپخانەیە لەچاپ درا کە ڕۆژی ٢٠ی بەفرانباری ١٣٢٤ (١٩٤٦/١/١٠) ئاهەنگ بۆ بەرەسمی کردنەوەو ناساندنی بەرپرسو کارمەندانی و ئیدارەخانەی ڕۆژنامەو گۆڤاری "کوردستان" ساز کرا. لەوێدا، قادری مودەڕیسی بە سەرۆکی بنگاهی چاپخانە،



عەلی خوسرەوی بە مودیری داخلیی چاپخانە، سەیید محەممەدی حەمیدی بە مودیری مەسئوولو سەردەبیری گۆڤارو ڕۆژنامەی "کوردستان" ناسێنرا.سەعید زەرگەیی، وەک "کوردستان" خۆی دەریخستووە ، کارگەرێکی حرووف کۆکەرەوەی، "محەممەد شاپەسندی"ش، کاریگەرێکی تری بووە

وێنەیەکی سەرجەمی کارمەندانی چاپخانە، جگە لەوانە، ئەم ناوانەیشی ساغ کردووەتەوە: مستەفا ئەیبووبی، عەزیز نانەوازادە، ساڵح کاکاغازادە، ڕەحیم یەعقووبی، عەبدوڵڵا دەبباغی، ڕەحیم شەمعئەفرووز، ڕەحمان ڕەزگەیی، حوسێن فەقآ زادە، متەللیب شێخ محەممەدی، یۆسف ئەورامی، سدیق عەلایی، برایم کەریمی .

محەممەد شاپەسندی سەبارەت بەم چاپخانەیە نووسیویە:

((ڕوو بەڕووی (کاروانسەرای سەید عەلی) جێگا ئامادە کرابوو بۆ دامەزراندنی ئامێرەکەو ئیدارەی چاپخانەو هەروەها ئیدارەی ڕۆژنامەی کوردستان. لە ئۆکتۆبری ١٩٤٥دا ئامێرەکە گەیشتە مەهاباد، ماوەی دوو هەفتە دوو ئەندازیاری ڕووسی خەریکی دامەزراندنی بوون. لەو ماوەیەدا کارگەرەکان خەریکی دابەشکردنو جورکردنی پیتەکانو مەشقکردنو ڕاهێنان لەسەر دەزگای پیتەکان بوون. چاپخانە لە ماوەیەکی کەمدا ئامادە کرا.

جگە لە ئەرکی چاپخانە، تاقمێکی سروود خوێندنەوەمان پێک هێنابوو بە ڕێبەرایەتیی کاک موتەلیبی شێخ محەممەدی؛ ڕۆژانی پشوودان یا دوای دەوام یا شەوانە، لە ماڵی خۆی فێری سروود خوێندنەوەی دەکردین. زۆر لە سروودە باوەکانی ئەو سەردەمەی پآ ڕەوان کردبووین. ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆمار لە چوارچرای مەهاباد سروودی:

"نیشتمانم ڕەنگینە بەهەشتی سەرزەمینە
خاکم وەکوو ئاڵاکەم ڕەنگ سوورو سپیو شینە"مان خوێندەوە.

ئەو ڕۆژە مێژووییە کارگەرانی چاپخانە لە خۆشیان لە پێستی خۆیاندا جێگەیان نەدەبۆوە ! ئەم کارگەرە دڵسۆزانە بە هیچ دەوامێکی ڕەسمیو دیاریکراوەوە بەستراو نەبوون، تا تەواوبوونی ڕۆژنامە یا ئەو کارەی کە لەبەردەستیاندا بوو، دەستیان لە کار نەدەکێشایەوە. جگە لەمە، دەستی کەم حەوتووی یەکدوو شەو تا ڕۆژ خەریکی کار بووین، بەرەبەیانی بۆ دەرکردنی ماندوێتیو حەسانەوە ڕوومان دەکردە حەمامی "پووتی" یا حەمامی "شۆر". پاش بەرچایی،

دیسان دەگەڕاینەوە سەر کارەکانمان. بەڵام پێش دەست بە کارکردن، دەبوو نەفەری پەرداخێک شیر بخۆینەوە. بەدەم کارەوە گیانێکمان بە خوالێخۆشبوو "سدیقی خاتەمی"وە بوو، چونکە بە قسە خۆشەکانی خۆی نەیدەهێشت هیچ کاتێک هەست بە ماندوێتی بکەین)).

"سەعید ناکام"یش وا لێی دوواوە:

((جێگای ڕۆژنامەو چاپخانەش بەرامبەر بارەگای حزب بوو... لە یەکەم سەرنجی سەرپێیدا بۆم دەرکەوت کە ئەمە تەواوترو ڕێکوپێکترین چاپخانەی کوردییە کە تائێستا دامەزراوە، شەش تەختە پیتی تەواو لە پۆنتی هەشتەوە تا سیوشەش، کەرەستەی پێویستی تەسەل، مەکینەی کارەبایی بۆ قاقەز بڕینو بۆ کونکردن، مقەسی ئۆتۆماتیک بۆ قاقەز بڕین، دەزگای تواندنەوەو داڕشتنی مزبۆنینیاو بۆش، مەکینەیێکی گەورەو نوێی چاپ، مەکینەی پآ، مەکینەیێکی دروون... شازدە کرێکاری وریاو دڵسۆزیش کاریان تێدا دەکرد. تەنیا یەک دەزگای زەنگۆگرافی دەویست تا لە هەموو سەرێکەوە پەرداخو تەواو بآ. دەتوانرا ڕۆژنامەیێکی ڕۆژانەی بە پازدە هەزار نوسخە پآ دەربێنین....

کۆسپی ناخۆشی چاپخانە هێزی کارەبا بوو، ئەو کاتە شاری مەهاباد تاقە یەک مەکینەی زۆر کۆنو بچووکی کارەبای هەبوو کە بەشی ڕووناککردنەوەی نیوەی شاری نەدەکرد، بۆ ئیش پێکردنی مەکینەی چاپخانە دەبوایە جگە لە کارەبای ماڵان گڵۆپی کۆڵانەکانیش بکوژێتەوە.

بۆ چارەی ئەم ناتەواوییە حزبی دیموکرات ناردی مەکینەیێکی گەورەی کارەبا بۆ ڕووناکی شارو ماتۆڕو دینەمۆیێک بۆ چاپخانە کڕرا، پاش یەک دوو مانگ ماتۆڕو دینەمۆیەکە گەیشتو دانران، بەڵام دەزگای کارەباکە هەر نەهاتو نەگەیشت....

دوو ڕۆژ پێش گەڕانەوەی دەسەڵاتی عەجەم بۆ مەهاباد. فەرمان درا کە هەرچی ئەرشیفو قاقەزی بارەگای حزبو چاپخانە هەیە بسووتێنرآ، چڕە دووکەڵر لە بارەگای حزبو لە چاپخانەوە لە بەیانی تا ئێوارە بەری ئاسمانی گرتبوو... .))

١. ١. ٨. پەیامنێر:

ڕۆژنامەکە، بۆ ڕووماڵی هەواڵی ئێرەو ئەوآی کوردستانو دەرەوەی، پەیامنێری ویستووە. لە ژمارەکانی (٢٤، ل٦؛ ٢٥، ل٢؛ ٢٦، ل٣)دا ڕاگەیەنراوە: ((نوێنەر- خەبەرنیگار: ئیدارەی ڕۆژنامەو گۆواری کوردستان لە هەموو نوقاگی کوردستانو هەندەران نوێنەرو وەڵامدەر (خەبەرنیگار)ی پآدەوآ، کەسانآ کە ئامادەن ئەم کارانە بەجآبێنن بەناردنی وێنەو نێوو نێوبانگو جێگای دانیشتنیان خۆ بە ئیدارەی ڕۆژنامە بناسێنن)).

ئەوی زانراوە، تەنیا "ئەحمەد یۆفی زادە"ی موتەیەدی کاری شارەوانی نەغەدە وەک نوێنەری ڕۆژنامەی "کوردستان" لە نەغەدە ناسێنراوە (ژ٥٦، ل٢). پەیامنێری مەهاباد ناوی نەهێنراوە (ژ١٥، ل٤). دووری نابینم لە شوێنەکانی تریش نوێنەری هەبووبآ. زیاتر پآئەچآ ئەو نوێنەرانە کاری فرۆشتنو ساغکردنەوەی ڕۆژنامەکەیان ڕاپەڕاندبآ (ژ٦٠، ل٢)، چونکە لە بڵاوبوونەوەی ئەو ئاگادارییە بەدواوە هیچ هەواڵر یا زانیارییەکی ناوچەیی لە ڕۆژنامەکەدا نابینرآ پەیامنێر ناردبێتی.

١. ١. ٩. وێنە:

ئەم (٨١) ژمارەیە (١٠) وێنەی ئەمانەی لای خوارەوەی تێدا بڵاوبووەتەوە:

١-ستالین: ژ٤، ل١

٢-سەمەند سیامەندۆف: ژ٦، ل١

٣-قازی محەممەد: ژ٢٥، ل١

٤-ئەبولحەسەن سەیفی قازی "سەیفول قوزات": ژ٢٦، ل٢

٥-ڕۆژی جێژنی ئامۆژگارانو شاگردانی مەدرەسەی کچان: ژ٢٨، ل٢

٦-هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە دآی بالانیش: زێڕۆ بەگو ئاغایانی هەرکیو شکاکی تێدا دیارن: ژ٣٥، ل٣؛ ژ٣٨، ل٢

٧-قازی محەممەد- بە بۆنەی ٤٦ ساڵەی لەدایکبوونیەوە: ژ٤٣، ل١

٨-خەلیل خوسرەوی - سەرۆکی کاری کوردستان: ژ٥٨، ل١

٩-هێمن: ژ٦٥، ل٢

١٠-هەژار: ژ٦٩، ل٢

ئەگەر چاپخانەی کوردستان، وەک سەعید ناکام وتوویە، دەزگای زەنکۆگرافی نەبووبآ ، ئەبآ زەنکۆگراف لە تەورێز کرابآ کە پیشەی چاپی تێدا زۆر پێشکەوتووتر بووە. ئەم کارە بۆ ڕۆژنامەوانیی تازە کوورەی مەهاباد داهێنان بووە.

١. ١. ١٠. نووسەرانی "کوردستان :

لەوانە: ٢١یان ١ شیعر، ٥یان ٢ شیعر، ٢یان ٣ شیعر، ١یان ٤ شیعر، ١یان ٩ شیعر؛ ٤٧یان ١نووسین یا وتار، ١٧یان ٢ نووسین یا وتار، ٤یان ٣ نووسین یا وتار، ١یان ٤ وتار یا نووسین، ١یان ٥ وتار، ١یان ٦ وتار، ١یان ٧ وتار، ١یان ٨ وتار، ٥یان ٩ وتار، ٢یان ١٢ وتار، ٢یان ١٣ وتار، ٢یان ١٥ وتار، ١یان ٢ نووسینو ١ شیعر، ١یان ١٣ شیعرو ٤ وتار، ١یان ١٥ شیعرو ١٠ وتار، ١یان ٥٢ وتارو ٢ نامیلکەی وەرگێڕدراوی هەیە.

سەیید محەممەدی حەمیدیو هێمنو هەژارو محەممەد قودسیو حەسەن قزڵجیو ئیبراهیم نادریو محەممەد مەجدیو دڵشادی ڕەسووڵیو محەممەد تۆفیق وردیو هاشم خەلیل زادەو عەبدوڕەحمان زەبیحیو عەلی خوسرەویو عەبدولقادری سەیید ئەحمەدو ئەحمەد ئیلاهیو قادری مودەریسیو قانعو ئەنوەر دڵسۆز، بەپآی بەرهەمی بڵاوکراوە، بەرودوا لە نووسەرە دیارو چالاکەکانی ڕۆژنامەکە بوون.

بەشێوەیەکی تر، ٧٩ شیعرو ١٢٤ وتارو نووسین بە وەرگێڕانو دانانەوە، بڵاوکراونەتەوە؛ شیعر، ئەگەرچی بۆ ئەو ڕۆژگارە کاریگەریی زۆر بووە، پانتاییەکی کەمتری لە ڕۆژنامەکەدا گرتووە. بابەتی سیاسیو کۆمەڵایەتی بەشی دیاری وتارەکانی پێک هێناوە.

١) ئازاد: ١ شیعر.

لە سلێمانییەوە ناردوویە. دووری نابینم خوالێخۆشبوو مەحموود ئەحمەد شەنگە (١٩١٧-١٩٦١) بآ، کە بەو ناسناوەیشەوە بەرهەمی بڵاو کردوەتەوە .

٢) ئوەیسی "وەیسی"عوپمانی: ٢ شیعر.

٣) ئەبووبەکری ئێلخانی زادە: ١ نووسین.

٤) ئەحمەد ئیلاهی: ١٠ وتار.

ئەندامی هەیئەتی مەرکەزیی حیزبو لە دامەزرێنەکانی بووە.

٥) ئەحمەد پێنجوێنی: ٢ شیعر.

٦) ئەحمەد حیسامەدینی: ١ نووسین.

٧) ئەحمەد عیلمی: ٢ نووسین.

٨) ئەمجەد عوپمانی: ٣ وتار.

٩) ئەنوەر دڵسۆز: ٧ وتار.

ڕۆشنبیرێکی شیوعیی خەڵکی شاری هەولێر بووە. لە ڕۆژنامەی "هاواری نیشتمان"یشدا نووسینی هەیە.

١٠) ئیبراهیم ئەیووب: ٢ وتار بە کرمانجی.

١١) ئیبراهیم ئیبراهیمیان: ١ نووسین؛ ئەندامێکی دامەزرێنی حیزب بووە.

١٢) ئیبراهیم نادری: ٩ وتار.

ئیبراهیم خان نادری کوڕی فەیزوڵلا نادریو لە کوردانی فەیلیە، ١٢٩٠ی هەتاوی (١٩١١) لەدایک بووە. باوانی دانیشتووی کرماشان بوون. لە کرماشانو بەغدا خوێندنی تەواو کردووە. ڕشتەی حقووقی بڕیوەو بووەتە ئەندامی لژیۆنی زانکۆی فەرەنسە. ماوەیەکیشلە کۆلیجیئەفسەریی تاران

مێژووی خوێندووە.دوایی ژنی هێناوەو کچێکی "مەهین" ناوی لێ بووە. لە کرماشان دووکانی چاککردنەوەی ئامێری کارەبایی داناوە.

کە دووەم جەنگی جیهانی بەرپا بوو، ساڵانی (١٩٤٢-١٩٤٣) کەوتوەتە هاتوچۆی ناوەوەو دەرەوەی وڵات. جگە لە عەرەبیو فەرەنسی کە لە قوتابخانە خوێندبووی، ئاشنایەتیی لەگەڵر ئینگلیزیشدا پەیدا کردووە. پێشوەخت بووەتە سکرتێری لکی ناوچەکانی کرماشانو لوڕستانو پشتکۆو کەڵهوڕی کۆمەڵەی (ژ. ک). دوای ڕاگەیاندنی حکوومەتی میللیی کوردستان لە مەهاباد، لەگەڵر "میرزا عەبدوڵلای مودەبیر"ی سەرۆکی ئەو لکەی کۆمەڵەدا چووەتە مەهاباد، ١٩٤٦/٦/٩ گەیشتوەتە جآ. قازی محەممەد کردوویە بە ڕاوێژکارێکی نزیکی خۆیو سەرۆکی گشتیی فەرهەنگی کوردستان بە پلەی سەرهەنگ.

که حکوومەتی کوردستان ڕووخاوە، لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا گیراوەو خراوەتە بەندیخانە؛ لە دادگا خۆی داکۆکیی لە خۆی کردووە، بەڵام هەر حوکمی دوو ساڵ زیندانی بەسەردا دراوە. کە بەربووە، لەبەر ئەوەی کەوتوەتە بەر چاودێریی دەزگای ئاسایشی ڕژێمی شا، خۆی شاردوەتەوەو ماوەیەک لە تەورێز لە ماڵی کۆنە ژنە جوولەکە سکرتێرەکەی سەردەمی مەهابادی کە مێردەکەیشی دۆستی بووە، ماوەتەوە، تا لە ١٩٥٠دا یا زووتر چووەتەبەغدا، دوایی سووریا؛ لەوآ "حوسنی زەعیم بەرازی"ی کاربەدەستێکی دەسترۆی حکوومەت بە گەرمی پێشوازیی کردووەو بە ئەفسەرێکی بەرزی هێزی ئاسمانی دانراوە. زەمانی "شیشەکلی" نێردراوەتە عەرەبستانی سعوودی، هاتوەتەوە بۆ شامو ژنی هێناوە. ساڵی ١٩٥٦ لە کارەساتێکی فڕۆکەدا گیانی دەرچووە و لە دیمەشق نێژراوە .

ئیبراهیم نادریﻯبە ئەسلڕ خەڵکی خانەقین ،نووسەرێکی تواناو قەڵەم بەبڕشت بووە؛ لە گۆڤارو ڕۆژنامەکانی وەک "گەلاوێژ"و "دەنگی گێتیی تازە"و "کوردستان"و "کوهستان"دا نووسینی بڵاو کردوەتەوە. زنجیرە وتارێکی سەبارەت بە "سەلاحەدینی ئەیووبی" لەمەی دواییاندا نووسیوە. نووسینەکانی بەڵگەی تێگەیشتوویی‌و زانایی‌و بەهرەداریی ئەو زاتەن.

١٣) بآباک: ١ نووسین.

لە کوردستانی عیراقەوە ناردوویە.

١٤) بێستوون ج: ١ نووسین.

١٥) جووتێر یاهوو: ١ شیعر.

١٦) جەلال حوسێنی: ١ شیعر.

برای شێخ عیزەدینی حوسێنی‌و بەرپرسی (سازمانی خەبات)ی ئێستایە.

١٧) جەلال حیجازی‌و حاجی عەبدوڵلا محەممەدی: ١ وتار.

١٨) جەعفەر ئێلخانی زادە: ١ نووسین.

١٩) حوسێن بەێیری: ١ نووسین.

٢٠) حوسێن مودەریسی، ح. م.: ٢ نووسین.

٢١) حەسەن داودی: ١ نووسین.

٢٢) حەسەن قزڵجی: ١٣ وتارو بابەت بەدانانو وەرگێڕانەوە. یەکەم چیرۆکی خۆی بەناوی (فیلمی عاسمان لە سینەمای کوردستان)ـەوە تێدا بڵاوبووتەوە. حەسەن کوڕی مەلا عەلی کوڕی مەلا حەسەن کوڕی مەلا عەلی کوڕی مەلا محەممەدی قزڵجییە، ١٩١٤ لە شاری بۆکان لەدایک بووە. بە مناڵی خراوەتە بەر خوێندن، سەرەتا لای باوکی، دواتر لای مامۆستا مەلا ئەحمەد فەوزی‌و مەلا ئەحمەد تورجانیی مامی خوێندوویە. چەند شوێنێکی تری کوردستان گەڕاوە بۆ درێژەدان بە خوێندن.

پاشان بووەتە فەرمانبەر لە مەهاباد، پلەکەی گەیشتوەتە جێگریﻯفەرمانداری مەهاباد.

کە کۆمەڵەی (ژ. ک)دامەزراوە، بووە بە ئەندامی بە ناوی نهێنیی "ژیر"، چالاکانە کەوتوەتە کاری حیزبی. لە ڕۆژگاری حکوومەتی کوردستاندا لە مەهاباد، گۆڤاری "هەڵاڵە"ی وەک زمانی حاڵی لقی بۆکانی یەکەتیی جەوانانی دیموکراتی کوردستان دەرکردووە، وتاریشی بۆ "کوردستان" نووسیوەو وەرگێڕاوە. دوای ڕووخانی حکوومەتەکە، پەڕیوەی دیوی کوردستانی عیراق بووەو لە دآی (سیتەک) لای شێخ لەتیفی حەفید گیرساوەتەوە. لەوآ لەگەڵ "غەنی بلووریان"دا پێکەوە بڵاوکراوەی "ڕێگا"یان دەرکردووە.

کاتێک مەترسی لە مانەوەیان کراوە، ناچار بووە بچێتە بەغدا. لەوآ کرێکاری‌و حەماڵی‌و شاگردی‌و دەستفرۆشیی کردووە. پاش ماوەیەک گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی، خەریکی فۆتۆگرافچێتی بووە. چووەتەوە بۆ بەغدا، لە ڕێستۆرانتی عەبدوڵلا شەریف بووە بە کاتب. پۆلیس گرتوویەو نزیکەی ساڵێک لە زینداندا ماوەتەوە. نیسانی ١٩٥٤ حکوومەتی عیراق تەسلیمی ئێرانی کردوەتەوە، بەڵام خۆی ڕزگار کردووەو گەڕاوەتەوە بۆ عیراق. ئەمجارە سآ ساڵ لە بازیان خەریکی تووتنەوانی بووە.

پاش ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ لە خۆوەشێری‌و ترس دەرباز بووە، لە گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا دەستی کردووە بە نووسین. ١٩٦١ ڕووی کردوەتە دەرەوەی عیراق، لە بولگاریا جێگیر بووە؛ لە (ڕادیۆی پەیکی ئێران)دا کاری کردووە. ١٩٦٥ لەگەڵ "دکتۆر عەبدوڕەحمانی قاسملوو و کەریمی حیسامی"دا ڕۆژنامەی "کوردستان"ی دەر کردووە، ٢٦ ژمارەیان تا مارتی ١٩٧٠ لێ بڵاو کردوەتەوە. ئەو ساڵانە بووە بە ئەندامی حیزبی توودەی ئێران. لەوێوە بابەتی بۆ گۆڤارو ڕۆژنامەی کوردیی عیراق ناردووە.

پاش ڕووخانی ڕژێمی شای ئێران، گەڕاوەتەوە بۆ بۆکان، بە وەزیفەی حیزبیی توودە چووەتو تاران. لە حەڤدەمین پلینۆمی توودەدا هەڵبژێردراوە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب، لە بەشی پەیوەنیەکانی دەرەوەدا دانراوە.ئەو سەردەمە، ڕۆژنامەی "نامەی مەردوم"ی وەک زمانی حاڵی توودە بە کوردی دەرکردووە.کە حکوومەتی جەمهووریی ئیسلامیی ئێران بڕیاری نەهێشتنی توودەی داوە، ١٩٨٣/٢/٥ دەستگیر کراوە. دوای چەند مانگێک ئەشکەنجەو ئازار، تشرینی دووەمی هەمان ساڵ کۆچی دوایی کردووە.

حەسەن قزڵجی، وەک چیرۆکنووسێکی هەڵکەوتوو بوو، وتارنووسێکی سیاسی‌و شارەزایەکی زمانەوانی‌و ڕۆژنامەوانیش بوو . سەرجەمی بەرهەمەکانی کۆکراوەتەوەو بە بەرگێک لەچاپ دراوە.

٢٣) یای حەلەبی سمایل فەرەجی: ٢ شیعر.

٢٤) حیفڤوڵلا ئیسماعیل ئاکرەیی: ١ وتار.

٢٥) خاتەمی "بەیان": ٢ شیعر.

لەوانەیە "سەدیقی خاتەمی"ی بآ، کە دوای ئەو سەردەمەیش ئەندامی کۆمیتەی جووتیارانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووەو ساڵی ١٩٥٩ گیراوە .

٢٦) خاڵەمین: ٤ شیعر.

سەیید محەممەد ئەمینی بە شۆرەت بەرزنجی کوڕی حاجی شێخ مستەفای کۆکە کوڕی شێخ عەبدولغەنی کوڕی شێخ محەممەد ئەمینی هەزارمێردی کوڕی شێخ حەسەن کوڕی شێخ سمایلی بەرزنجییە، فاتمەخانی دایکی، لە بەگزادەی بورهانە.

١٩١٠ هاتوەتە دنیاوە. باوکی کە دآی (کۆکە)ی فرۆشتووە، بەماڵەوە چووەتە دآی (بۆزە). لەوآ نراوەتە بەر خوێندن؛ سیپارەی ئەلفوبآ، دوا بەشی قورئان، سمایلنامە، ناگەهانو (ڕی شدە)ی خوێندووە.١٣٣٨ی کۆچی (١٩١٩-١٩٢٠) دآی (قزقەڵا)یان کڕیوە، باریان کردووە بۆ ئەوآ. لای مەلا کەریمی نەوەی خەلیفەی گراوآ، تەسریفی مەلا شێخ حەسەنی خوێندووە.دوایی بە سوختەیی نێردراوەتە سابڵاغ، لای مەلا حوسێنی مەجدی؛ لای مەلا محەممەدیلاجانی‌و مەلا محەممەدی ڕەئیسی بۆکانی‌و مەلا یەحیای بانەییش، کە موستەعیدی مەلا حوسێن بوون، دەرسی وەرگرتووە.

پاش یەکدوو ساڵ، چووەتە مزگەوتی حاجی سەیید بایز لای مەلا ئەحمەدی تورجانی زادە. نەخۆش کەتووە، بەهۆی هەوکردنەوە خوێن لە سنگو گەرووی هاتووە. نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدا، ڕووی کردوەتە کوێستان، چوارپێنج ساڵێکی لێ ڕابواردووە. دواتر دوو ساڵ سەربازیی لە ١٩٣٥ بەدواوە لە ورمآو مەهاباد تەواو کردووە.چووەتە (قزقەڵا)، دەستی داوەتە ئاژاڵداری‌و کشتوکاڵ.

دوای مردنی باوکی، ڕۆییوەتە (میاندواو)، ماوەیەکی لێ ماوەتەوە. لەبەر نەبوونی‌و بآژیانی ملی ناوە بۆ تاران، لەوآ بووژاوەتەوە. پاشان بەهۆی نائارامیی وەزعی وڵاتەوە، چووەتە دآی (جەڵدیان)، سآ ساڵی تێدا ژیاوە. لە زەمانی حکوومەتی کوردستاندا، یەدری کومیتەی مەحەللیی شاروێران بووە. ئەمجا گوێزاویەتیەوە بۆ (نەغەدە)، بەتەواوی لێی جێگیر بووە .

٢٧) خالید حیسامی "شێواو": ٣ شیعر.

خالید کوڕی حەمەد ئاغای موکرییە، ١٩٢٧ لە دآی (شێخاڵی)ی نێوان مەهابادو بۆکان لەدایک بووە. لەلای مامۆستای تایبەت خوێندوویە. کە (ژ. ک) دامەزراوە، پەیوەندیی پێوە کردووە. لە مەهاباد دۆستایەتیی لەگەڵ مەلا مستەفادا بەستووە. دوای ڕووخانی حکوومەتی کوردستان، دوو جار هەوڵی گرتنی دراوە، بەڵام بەخۆوەشێری‌و جێگۆڕکآخۆی دەرباز کردووە. کە شۆڕشی ئەیلوول هەڵگیرساوە، هاتوەتە ناو شۆڕش. ماوەیەک پێشمەرگایەتیی لە ڕانیەو قەڵادزآ کردووە.

لە ماوەی گفتوگۆی شۆڕشو حکوومەتی عەبدوڕەحمان عارفدا بووە بە قایمقامی قەڵادزآ. پاشان گوێزراوەتەوە بۆ ڕانیە. ماوەیەکیش لە ئێزگەی ڕادیۆی کوردستانی عیراقو لەچاپدانی ڕۆژنامەی "خەبات"دا کاری کردووە. دوای شکستی شۆڕشی ئەیلوول لە ١٩٧٥دا، گەڕاوەتەوە بۆ کوردستانی ئێران.

مەودایەک کاری لە بەشی کوردیی ڕادیۆو تەلەفزیۆنی تاراندا کردووە. دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١، لەگەڵ بارزانیەکاندا گەڕاوەتەوە بۆ کوردستانی عیراق. لەوکاتەوە لە هەولێر نیشتەجآ بووە . خالید حیسامی سەرەتا ناسناوی شیعری "شێواو"و ئێستا "هێدی"یە.

٢٨) خوێن گەرم: ١ نووسین.

لە کوردستانی عیراقەوە ناردوویە.

٢٩) خەلیل فەتاحی قاچی، خ. فەتاحی قاچی: ٣ نووسین.

٣٠) مەلای داودی: ١ نووسین.

مەبەست مەلا عەبدوڵلای داودی یا مەلا حەجۆکییە، کە وەک ئەم ژمارانەی "کوردستان"یش بەڵگەن، بەڕێوەبەری قوتابخانەی گەلاوێژ بووە.

١) دڵشاد ڕەسوڵی: ١٥ وتار.

ناوی محەممەد غەفوورە؛بە ئەسلڕ خەڵکی مەهابادەو لە کۆیە گەورە بووەو خوێندوویە، خانەی مامۆستایانیشی هەر لەمدیو تەواو کردووە. پاشان چووەتە مەهابادو تێکەڵی کاری سیاسی بووە، بووەتە ئەندامی (ژ. ک).دەورانی حکوومەتی کوردستان،بووە بە موعاوینی وەزارەتی فەرهەنگ.دوای ڕووخانی حکوومەتەکە،

هاتوەتە ناوچەی پشدەر.١٩٥٤ میرزای سەلیم ئاغای گەرمکان بووە. لە ساڵانی شۆڕشی ئەیلوولدا، دەستی لەگەلڕ حکوومەتی عیراقدا تێکەلڕ کردووە، تا لە ١٩٦٥دا کوژراوە .

لە گۆڤارەکانی "هەڵاڵە"و "کوردستان"و "گەلاوێژ"و "دەنگی گێتی تازە"و بە فارسیش لە ڕۆژنامەی "کوهستان"دا بابەتی بڵاوکراوەی هەیە، پەخشاننووسێکی سەرکەوتوو بووە.

٢) یای ڕوقیای شنۆیی: ١ نووسین.

٣) ڕەحمان ئوەیسی: ١ نووسین.

٤) ڕەحمان حەلەوی: ١ نووسین.

٥) ڕەحمان دڵخۆش: ١ نووسین.

٦) ڕەحمان عەزیزی: ٢ نووسین.

٧) ڕەحیم سەیفی قاچی: ٢ نووسین.

٨) ڕەسوولڕ میکائیلی: ٤ نووسین

٩) زاری: ١ شیعر.

مەلا عەبدولکەریمی ێائیبە .

١٠) سەیید ئیسماعیل ێەفدەری: ١ نووسین.

١١) سەعید ئەدهەمی فەیچوڵلا بێگی: ١ نووسین.

١٢) سەعید زەڕگەیی: ٣ شیعر.

کارگەرێکی چاپخانەی کوردستان بووە.

١٣) سەعید مەردانی: ١ شیعر.

٤٣) سەلام کوڕی حەیدەری: ١ شیعر.

٤٤) ... ... : ١ شیعری بآناو. زانراوە کە ئەو شیعرە بەناوبانگەی (بۆ کۆمەڵی ئەقوام)هی شێخ سەلامی شاعیرە.

کوڕی شێخ ئەحمەد کوڕی شێخ عەبدولکەریم کوڕی شێخ ئەحمەدی شێخ محەممەدە، ١٨٩٢ لە دآی (عازەبان)ی ناوچەی هەڵەبجە لەدایک بووە. تا ١٩٠٤ لای شێخ محەممەدی خەڵکی دآی (تاوێرە) فارسیو بنەماکانی ێەرفو نەحوی عەرەبیی خوێندووە. پاشان لە حوجرەی دآی (ئەحمەد برندە) زانستی دینیی وەرگرتووە. ١٩١١ چووەتە مزگەوتی شێخ عەبدوڕەحمانی عازەبانی لە سلێمانی بۆ خوێندن. پاش دەوری ساڵێک خووی داوەتە ئەدەبیاتی کوردیو فارسی. کە جەنگی گەورە براوەتەوە، گەڕاوەتەوە بۆ عازەبان، خەریکی کشتوکالڕ بووە.

١٩١٩ تەتەری نێوان مەحموود پاشای جافو شێخ مەحموودی حەفید بووە. دوای شەڕی دەربەندی بازیان لە ١٩١٩/٦/١٨دا، هەڵاتووەو سآ مانگ لە شاخی (زەردە) خۆی شاردوەتەوە. ئەمجا چووەتە دیوی ئێران، تا ١٩٢٠-١٩٢١ نیوەی کاتەکە لە (سنە) ماوەتەوە. دیسان هاتوەتەوە دآی (نێرگسەجاڕ) لای مەحموود پاشای جاف، کە زۆری هەولڕ داوە تا لێبوردنی مێجەر سۆنی بۆ وەرگرتووە. بە پلەی چاوەشی پۆلیس دامەزراوە، کراوەتە مەئمووری مەرکەزی پۆلیسی قەزای شارباژێڕ تا هێنانەوەی شێخ لە ئەسارەت.

لە دووەم حکوومەتی کوردستاندا، دانراوە بە مودیری ئەوراقی عەسکەرییە تا ١٩٢٣. شێخ، دوای چۆڵکرانی سلێمانی لە مارتی ١٩٢٣دا لەگەلڕ چەند کەسێکی تردا گرتوویە، خراوەتە زیندان لە دآی (پیران)و شاخی (سیاکوڵە)ی پشت دآی (درزڵی). هەر ئەوساڵە بە گیراوی هێنراوەتەوە بۆ سلێمانی. کە بەردراوە، چووەتەوە بۆ عازەبان بۆ فەلاحەتیکردن. لەبەر هەڕەشەی شێخ، ئەوێی بەجآ هێشتووە، لە دآی (فەقآ جنە) جێگیر بووە. وازی لێ نەهێنراوە، تا لە (ناوتاق)ی مێولڕ لە شاخی (باشاری) برینداز کراوە.

مایسی ١٩٢٤ بە مانگانەی ١٢٠ ڕووپیە کراوە بە تەحسیلداری ناحیەی وارماوا، کە ئینگلیز خستبوویە سەر قەزای کفری. هەمان وەزیفەی لە هەڵەبجەو سلێمانیش دیوە تا ١٩٢٨. ئەو ساڵە بووە بە قۆڵچیی تووتن. پایزی ١٩٢٦ لەگەلڕ کۆمەڵێک ڕۆشنبیری تری شاری سلێمانیدا (جەمعییەتی زەردەشتی)ی پێک هێناوە. لە ١٩٢٨دا کە جەمعییەتەکە هەڵوەشاوەتەوە، چووەتە ناو لقی سلێمانیی (جەمعییەتی خۆیبوون). هەمان سالڕ لە سلێمانی دەستبەسەر کراوە.

١٩٣٠ دوای شەڕی بەردەرکی سەرای سلێمانی، لەگەلڕ مەحموودو حامید جەودەتو کامیل حەسەندا هەڵاتوەتە لای شێخ مەحموودی حەفید لە (پیران). لەوآ (کۆمەڵی سەربەرزیی کورد)یان دامەزراندووە. ١٩٣٢ بووە بە موراقیب لەسەر ڕێگەی پێنجوێن. ١٩٣٣ دوور خراوەتەوە بۆ (بەسرە). ١٩٣٥ کە محەممەد ئەمین زەکی بەگ بووە بە وەزیری ئەشغالڕ، گێڕاویەتیەوە بۆ ڕێگەی دەربەندیخان. خزمەتەکەیی گوێزاوەتەوە بۆ دائیرەی کشتوکالڕ، کراوە بە موراقیبی دارستانی لیوای سلێمانی. گوێزراوەتەوە بۆ بەغدا، بووە بە موراقیبی (ویقایەی نەباتی)و (مەزرووعات)ی شارەکە. ١٩٣٦ بە هەمان وەزیفەوە نێردراوە بۆ لیوای حللە. ١٩٤٠ چووەتەوە بۆ دائیرەی ئەشغاڵی سلێمانی. ١٩٤٣ ماوەی ساڵێک لە وەزیفە دەرکراوە. ئەمجا بە موستەخدەمی دانراوە بە مەئمووری مەنتووجاتی مەحەللیی قەزای شارباژێڕ. ١٩٤٤-١٩٤٥ بووە بە مەئمووری دائیرەی نفووسی پشدەر، دوایی هی هەڵەبجە (١٩٤٨-١٩٤٩)، هەولێر (١٩٥١)، دیسان هەڵەبجەو بەغدا. ١٩٥٣ براوە بۆ دائیرەی دارستان. ١٩٥٥ خانەنشین بووە، دەستی کردوەتەوە بە کشتوکالڕ. ڕۆژی ٣/٣/ ١٩٥٩ کۆچی دوایی کردووە. دیوانی شیعرەکانی لەچاپ دراوە .

٤٥) ژەنراڵ سەیفی قاچی: ٢ وتار.

٤٦) شاسوڵگان خانم فەتاحی قاچی: ١ وتار.

٤٧) شوان: ٥ وتار.

بە شێوە زمانەکەیدا دیارە لە کوردستانی عیراق، ناوچەی سلێمانییەوە ناردوویە.

٤٨) ێ. ئیقلیدس: ١ وتار.

ێاڵح ئیقلیدس خەڵکی سنەو ئەبآ مامۆستا بووبآ، چونکە سەردەمی حکوومەتی میللیی کوردستان لە وەزارەتی فەرهەنگ کاری کردووە .

٤٩)عوپمان دانش: ١ وتار.

عوسمان کوڕی شەریف کوڕی سەعیدە. "شەریف ئەفەندی"ی باوکی، ناسراوێکی سلێمانیو موختاری گەڕەکی گۆیژە؛ "حەفسە محەممەد ئەفەندی"ی دایکیشی، لە بنەماڵەیەکی دیاریشار بووە. ساڵی ١٩٢٠ لەدایک بووە. بە منالی چووەتە قوتابخانە، تا پۆلی سێیەمی ناوەندیی تەواو کردووە. لە لاوییدا، هەر زوو تێکەڵی سیاسەتو چالاکیی حیزبی بووە. پێش دامەزرانی لقی کوردستانی عیراقی کۆمەڵەی (ژ. ک)، پەیوەندیی پێوە هەبوە. کە حکوومەتی کوردستان لە مەهاباد دامەزرێنرا، چووە ئەودیو، بوو بە مامۆستا لە قوتابخانەی گەلاوێژ.

دوای ڕووخانی ئەو حکوومەتە، کە گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی، درێژەی بە تێکۆشانی سیاسیی خۆی داوەو هەمیشە لە بەرەی گەلو نیشتماندا ماوەتەوە. سەردەمی ڕژێمی پاشایەتی، لەبەر شیعری نیشتمانی خوێندنەوە، بەند کراوە؛ لە گوللەبارانی ساڵی ١٩٥٣ی بەندیخانەی (کووت)دا بەر کەوتووە. دانش، ئەو ناسناوەی لە مەهاباد پآ بەخشراوە. وەک کابرایەکی کوردپەروەری دڵپاکو سادەو خۆش مەشرەبو بآتەماع بووە، حەزی لە کتێبو خوێندنەوە کردووە. لە "ژیان"و "ژین"یشدا نووسینو شیعری بڵاو کردوەتەوە .

٥٠) عەبدوڕەحمان ئیمامی: ٢ وتار.

٥١) عەبدوڕەحمان حەیدەری: ١ وتار.

٥٢) عەبدوڕەحمان ژەبیحی: ٩ وتار.

١٩٢٠ لە شاری مەهاباد لەدایک بووە. سەرەتایی لەوآو ناوەندیی ١٩٣٧ لە ورمآ تەواو کردووە. ئەلفوبآو قورئانی لەلای باوکی، (گولستان)ی سەعدیو قەواعیدی عەرەبیی لەلای مەلا بایزی زگدڕاوآ خوێندووە. مەلا قادری مودەریسی دەرسیجەبری پآ وتووەو هۆشی نەتەوەیی کردوەتەوە. ١٩٣٢ کە مامۆستا گیوی موکریانی فۆتۆگرافخانەی لە مەهاباد هەبوە، زمانی فەرەنسیی لەلا خوێندووە. ١٩٣٧ لە ئیدارەی فەرهەنگی مەهاباد دامەزراوە؛بووەتە حیسابداری بازرگانیو کارهەڵسووڕێنی ئیداریی حاجی ساڵحی شاتری کە ئیمتیازی نەوتی مەهابادی هەبوە.

دامەزرێنێکی کۆمەڵەی (ژ. ک) بووە لە ١٩٤٢دا، سەرپەرشتیی گۆڤاری "نیشتمان"ی ئۆرگانی کۆمەڵەیشی کردووە. ١٩٤٥ لەگەڵ دڵشادی ڕەسووڵیو قاسم قادریدا
هەشت مانگێک

گیراوەوبراوەتە تاران. ڕۆژگاری حکوومەتی کوردستان، موعاوینی ئەنجومەنیڕەوابیتی فەرهەنگیشوورەوی- ئێران/ لقی کوردستان بووە. لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا نووسیویە.

دوای پێچرانەوەی تۆماری ئەو سەردەمە، هاتوەتە دآی (سیتەک) لای شێخ لەتیفی حەفید. کە لەگەڵ "محەممەد شاپەسندی"دایەکیان گرتوەتەوە، چاپخانەیەکی دەستییان دروست کردووەو ژمارە (١٠)ی "نیشتمان"یان پآ لەچاپ دراوە. کە ئاشکرا بوونو لە ترسی حکوومەتی عیراق ئەوێیان چۆڵ کردووە، چووەتە سلێمانیو دوایی بەغدا. ساڵانی پەنجا ڕووی کردوەتە سووریا، لەوآ چالاکی کوردایەتیی زیاتر بووە؛بە نامیلکەی (رد علی الکوسموپولیتیە) وەڵامی ئەو چەپانەی داوەتەوە کە کوردیان بە نەتەوە نەزانیوە.

بە هاتنە سەر کاری ڕژێمی کۆماری لە عیراقدا، گەڕاوەتەوە بۆ بەغدا، وەک نوێنەری کوردی سووریا خۆی ناساندووە. دەستی بە حیزبایەتی کردووە لەناو پارتی دیموکراتی کوردستاندا؛بووە بە بەرپرسی لقی کەرکووکو ئەمجا بەغدا. ماوەیەکیش بەرپرسی دارایی بووە لە مەکتەبی سیاسیدا. ئەوددەمە بە نووسینو ئامادەکردنی بابەت بەشداریی لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا کردووەو بە ناوی "زانا"یشەوە لە ڕۆژنامەی "خەبات"دا نووسیویە.

پاش دووکەرتبوونی پارتی، چووەتە پاڵ باڵی مەکتەبی سیاسیو لە بەغدا ماوەتەوە. گۆڤاری "باهۆز"ی وەک بڵاوکراوەیەکی ئەو باڵە بە عەرەبی دەرکردووە.هاوکات بووە بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی. نووسەری سەرەکیی ڕۆژنامەی "ڕووناکی"ی پاشکۆی کوردیی مانگانەی "النور" بووە. دوای هەڵوەشانەوەی ئەو باڵە لە ١٩٧١دا، هاوبەشیی لە خەباتی بەرهەڵستانی ڕژێمی شادا کردووەو دەستی داوەتە قامووسەکەی. ١٩٧٤-١٩٧٥ گیراوەو خراوەتە بەندیخانەی ئەبوو غرێب لە بەغدا.

بە ڕووخانی ڕژێمی شا لە ١٩٧٩دا، گەڕاوەتەوە بۆ کوردستانی ئێران؛پەیوەندیی بە شێخ عیزەدینی حوسێنییەوە بەتین بووە. ١٩٨٠ حکوومەتی عیرق گرتوویە، لەوکاتەوە بآسەروشوێن کراوە .

٥٣) عەبدوڕەحمان سالار: ٢ وتار.
٥٤) عەبدوڕەحمان عەلی: ٣ وتار.
خەڵکی کوردستانی عیراق بووە.
٥٥) عەبدوڕەحمان قاچی: ١ وتار.
٥٦) عەبدوڕەحمان مودەریسی: ١ وتار.
٥٧) عەبدولقادر ئەحمەد، عەبدولقادر، ع. ئەحمەد: ٩ وتار.

عەبدولقادر کوڕی سەیید ئەحمەدی حەڵواچی کوڕی شێخ عەبدولقادری ئەحمەد بەگە، ١٩١١ لە سلێمانی لەدایک بووە. تا شەشەمی سەرەتایی بڕیوە. ١٩٣٤ لە هەڵەبجە، لەگەڵ محەمەدسەعید بەگی سەلیم بەگی جافو نەجمەدینی مەلا ڕەسووڵی دێلێژەدا، (حیزبی ئیسلامەی کورد)یان پێکهێناوەو ١،٥ ساڵ بەردەوام بووە.ئەندامی حیزبی (هیوا)و (برایەتی)ش بووە.

١٩٤١ لەگەڵ چەند ئەندامێکی بەرزی (برایەتی)داگیراوەو دوورخراوەتەوە بۆ (حەویجە) لە کەرکووک.

١٩٤٤یش گیراوەو لە بەندیخانەی سلێمانی توند کراوە. لە ١٩٣٩-١٩٤٦ تەحسیلدار بووە لە شارەوانیی سلێمانی.
١٩٤٦ چووەتە مەهابادو تا کۆتایی ئەو دەورانە ماوەتەوە؛ لەوآ مامۆستای قوتابخانە بووەو لە "کوردستان"دا نووسیویە. هەر ئەو ساڵە، دوای گەڕانەوە، گیراوە. کە بەر دراوە، لە وەزیفە دەرکراوە، ئەرزوحاڵنووسیی کردووە. لە سەردەمی کۆماریدا گەڕێنراوەتەوە بۆ سەر وەزیفە، کراوە بە (ملاحظ)، تا بە پلەی (رئیس ملاحظین) گەیشتووەو لە ١٩٧١دا خانەنشین بووە.

لە "دەنگی گێتی تازە"و "ژین"و "گەلاوێژ"دا نووسینی هەیە. بە ناوی خواستراوی "ناشاد"یشەوە نووسیویە. دوو ژنی هێناوە: لە "مەعسوومی کچی وەستا سەعیدی وەستا حەسەنی فاتمە غەزایی"، گوڵشەنو گوڵزارو سامان؛ لە "فەوزییەی کچی شێخ سمایلی شێخ ئەوڕەحمانی داراغا"، بەهارو بەهرەو فەرەیدوونو ئاڵاو شانازو بەنازی هەیە. لە دوا ڕۆژانی تەمەنیدا بەهۆی جگەرەکێشانەوە تووڕەکەی ئاو لە سنگیدا دروست بووە، تا لە ١٩٨٦/٣/٢٠دا بەو دەردە کۆچی دوایی کردووە .

٥٤) عەبدولقادر دەبباغی، ع. دەبباغی: ٢ نووسین.
هەر ئەبآ عەبدولقادر دەبباغیئەندامی کۆنی (ژ. ک)وئێستادانیشتووبریتانیا بآ.
٥٥) سەیید عەبدولقادری سیادەت: ٢ نووسین.
کوڕی حاجی سەیید بابا شێخە.
٥٦) عەبدولقادر فەتاحی قاچی: ١ نووسین.
٥٧) سەیید عەبدولقادر گەیلانی: ١ نووسین.
٥٨) عەبدوکەریم بەهرام بێگی: ١ نووسین.
٥٩) عەبدوڵڵا ڕەشید: ١ شیعر.
٦٠) سەیید عەبدوڵڵا سەیید مینە "ئەمینی": ١ شیعر.
٦١) عەزیز ئایەفی: ١ شیعر.
٦٢) سەیید عەزیز حاجی باباشێخ، سەیید عەبدولعەزیز سیادەت: ٢ نووسین.
کوڕی حاجی سەیید باباشێخە.
٦٣) عەزیز مەولەوی، ع. مەولەوی: ٢ نووسین.
٦٤) عەلی حەیدەری: ٢ شیعر.
٦٥) عەلی خوسرەوی: ٩ وتار.
٦٦) عەلی ڕەحیمی: ١ شیعر.
٦٧) عەلی گولڕجبینی: ١ شیعر.
٦٨) ع. سەعید: ١ وتار.
٦٩) غەنی بلووریان: ٢ نووسین.

غەنی کوڕی قادر براگەورە، پاشناوی "بلووریان"ە، ساڵی ١٩٢٤ لە گەڕەکی (ئەرمەنیان)ی مەهاباد لەدایک بووە. سەرتاییو ناوەندیی لە مەهاباد تەواو کردووە. لە (دانیشسەرایموقەدەماتی)ی تاران درێژەی بە خوێندن داوە.سەردەمی حکوومەتی کوردستان لە مەهاباد، نێردراوە بۆزانکۆی عەسکەریی باکۆ بۆ خوێندن. دوای ڕووخانی حکوومەتەکە، گەڕاوەتەوە بۆ مەهاباد؛ دیسان چووەتەوە بۆ تاران، بۆی سەر نەچوە لەسەر خوێندن بەردەوام بآ، باوکیشی کۆچی دوایی کردووە، بۆیە گەڕاوەتەوە بۆ مەهاباد.

هەمان ساڵ هاتوەتە دیوی کوردستانی عیراق، لە دآی (سیتەک)ی لای شێخ لەتیفی حەفید پەنا دراوە. لەوآ لەگەڵ حەسەن قزڵجیدا بڵاوکراوەی "ڕێگا"ی لەچاپ داوە. پاشان گەڕاوەتەوە بۆ مەهاباد. گیراوەو دراوەتە دادگا، بەڵام هیچی لەسەر ساغ نەبوەتەوەو بەر دراوە. بۆ سەربازی براوەتە تەورێزو ورمآو مەوانە، کراوە بە کاتب. گوێزراوەتەوە بۆ ورمآ کە لە گوردانی فەنیدا دابنرآ، بەڵام گیراوەو لە زیندانی سەربازخانەی ورمآ توند کراوە. پووشپەڕی ١٩٥٠ سەربازیی تەواو کردووە.

ویستوویە لەگەڵ "عەزیزی حیسامی"دا بچێتە یەکێتیی سۆڤێت،

لەسەر سنوور گیراون. ٢٠ ڕۆژ لە مەهاباد زیندانی کراونو براونەتە تاران. دوای چەند مانگێک بەر دراوە. لە مەهاباد، لەگەلڕ کۆمەڵێک کادری پێشووی (حیزبی دیموکراتی کوردستان)دا هەوڵی ژیاندنەوەی ئەو حیزبەیان داوە بە یارمەتیو سەرپەرشتیی حیزبی توودە. ئەو ماوەیە ڕۆژنامەی "کوردستان"یان دەرکردوەتەوەو چالاکیی‌وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ڕووی لە زیادبوون کردووە. هاوینی ١٩٥٣ "مەرزە"ی ژنیی هێناوە، بەڵام بەهۆی کاری سیاسییەوە، دوای پێنج سالڕ گوێزاویەتیەوە. ١٩٥٥ لە (سنە) گیراوە، دوای شەش مانگێک براوەتە بەندیخانەی مەهاباد، نزیکەی ساڵێکی تێدا بەسەر بردووە. دوایی براوەتە بەندیخانەی تەورێز، دوو سالڕ لەوەبەدوا لە ١٩٥٨دا ئازاد کراوە.

لە ١٩٥٩دا گیراوەتەوە، خراوەتە بەندیخانەی تەورێز، لەوێوە بۆ بەندیخانەکانی تاران. دادگا حوکمی ئیعدامی داوە، بەڵام پاشتر بۆی کراوەتە زیندانی هەمیشەیی. لە ١٩٦١ بەدواوە براوەتە زیندانی (قەسری قاجار)، لە ١٩٦٣دا بۆ زیندانی (بەرازجان)، لە ١٩٦٧دا بۆ زیندانی تاران، ئەمجا زیندانی (عادل ئاباد)ی شیراز. ١٩٧٩/٩/٢٧، بە ڕووخانی ڕژێمی شا، بە یەکجاری ئازاد کراوە.

ئەوەبەدوا وەک ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران تآهەڵچوەتەوە. دوای ماوەیەک لەسەر جیاوازیی بیرو بۆچوون لەگەلڕ شەش کەسی تردا لە حیزب جیا بووەتەوە، ئەوانە بە تاقمی حەوت کەسی ناسراون. پاش ماوەیەک بە تەواوی دەستی لە حیزبایەتی هەڵگرتووە، لە وڵاتی ئەڵمانیا دانیشتووە .

٧٠) فەتاح خەلیل زادە: ١ نووسین.

٧١) قادر مودەریسی: ٨ نووسین.

١٩٠٠؟ لە مەهاباد لەدایک بووە، ١٩٩٢/٣/٢٢ هەر لەوآ کۆچی دوایی کردووە . ئەندامێکی دامەزرێنی (ژ. ک)و بەڕێوەبەری چاپخانەی کوردستان بووە.

٧٢) قاسم ئۆگهمیشی: ١ نووسین.

٧٣) قاسم حیجازی: ١ نووسین.

٧٤) قانع: ٩ شیعر.

شێخ محەمەدی کوڕی شێخ عەبدولقادری دۆڵاشە، ١٨٩٨ لە دآی (ڕیشێن)ی ناوچەی شارەزوور لەدایک بووە. منالڕ بووە کە باوانی مردوون. ئاغای سەیید حسێنی خەڵکی چۆڕ بردوویەتیە لای خۆی‌و خستوویەتیە حوجرە. فێری خوێندنەوەو نووسین بووە. ئەوەبەدوا بۆ خوێندن چووەتەسنەو سابڵاخو شنۆو

هەولێرو کۆیەو کەرکووکو بیارەو مەریوان.لە ژیانیدا وەزیفەکانی مامۆستایی‌و کرێکاری‌و مەلایەتی‌و جووتیاری‌و ئاشەوانی‌و وردەواڵەفرۆشی‌و فەرمانبەریی دیوە.

لە جافەرانو سیۆسێنانو قەرەداخو دارۆخان مامۆستا، لە هەڵەبجەو سووردداش کاتبی دائیرەی تەموین بووە. لە ناوچەی قەڵاچوالانو ملەکەوەو ئاواییەکانی پشتەو شەمێرانو دەربەندیخانو سەنگەسەر کرێکاری دائیرەی ئەشغالڕو کشتوکالڕ،لە بناری شارەزوور قۆڵچەی دارستان، لە کەوڵۆسو سەرکانو ناڵپارێز ئاشەوان بووە. ناوبەناو لە شارەزوورو ناوچەی مەریوان مەلایەتیی کردووە. لە سلێمانی‌و سیتەکو بانی بنۆکو سەیید سادقو نزارەو شیوەگوێزان، دەرسی کوردی‌و دینی لە قوتابخانەی حکوومەتیدا وتوەتەوە. کۆتایی سالانی پەنجا چەند جارێک تووشی نارەحەتی هاتووە. بە گیراوی براوەتە بەندیخانەی بەسرە، دوایی عیمارەو بەغدا. ١٩٦٣ چووەتە دیوی ئێران، دەستگیر کراوەو خراوەتە بەندیخانەی قاجار لە تاران. کە بەربووە، هاتوەتەوە بۆ پێنجوێن. ١٩٦٥ لە دآی (لەنگەدآ) دانیشتووە. ڕۆژی ١٩٦٥/٥/٧ کۆچی دوایی کردووەو لە گۆڕستانی شێخ ئەوڕەحمان نێژراوە. لە "ژیان"و "ژین"و "گەلاوێژ"و "دەنگی گێتیی تازە"و "ڕۆژی نوآ"دا نووسینو شیعری هەیە .

دەورانی حکوومەتی کوردستان لە مەهاباد، چووەتە ئەو دیوو ماوەتەوە. شیعری لە "کوردستان"دا بڵاو کردوەتەوە.

٧٥) ق. س: ١ شیعر.

بآ سآودوو "فایەق بآکەس"ی شاعیرە، بۆ شوێنەونی دوا پیتی ناوەکەی وەرگیراوە. تەنانەت کورتە نووسینێک لە سەرووی ئەم شیعرەوە بەناوی خواستراوی "تیشک"ـەوە دانراوە ، ئیبراهیم ئەحمەد نووسیویە؛ خۆیشی لە وتارێکدا بۆ یادی بآکەس، ئاماژەی بەوە داوە کە شیعری "بآکەس"ی بۆ ڕۆژنامەی "کوردستان" ناردووە .

فایەق کوڕی کوچک عەبدوڵلا یەبری بەگ کوڕی کاکەحەمەی ئەلیاسە قۆجەیە، ١٩٠٥ لە دآی (سیتەک)ی ناوچەی شارباژێڕ هاتوەتە دنیاوە. باوکی تابووئاغاسی بووە، دایکیشی لە ئاغالەرەکانی سلێمانی‌یە. ٣ ساڵان بووە کە ماڵیان گوێزراوەتەوە بۆ سلێمانی. بە منالی خراوەتە حوجرە. باوکی لە ١٩١١دا نێردراوەتە خانەقی‌و بەغدا، ماڵیشی بردوەتە بەغدا؛ دوای ساڵێک چووە بۆ تورکیا. پاش مردنی دایکو باوکی‌و لە ئاوی دیجلەدا خنکانی حەمەسەعیدی برای، کەوتوەتە لای خاڵی؛ ئەویش دوای چەند مانگێک مردووەو بآکەس ماوەتەوە. حاجی ئەمینی کاکەحەمەی مامی، لە یەکەم جەنگی جیهانیدا ناردوویەتیە لای حاجی عەلی ئاغا لە بەغدا؛ ئەویش داویەتیە دەستی ئەجەخان ناوی هاوسەری ئەفسەرێکی خەڵکی سلێمانی. دووسآ سالڕ وا ڕای بواردووە. ١٩١٨ ئەجەخان بردوویەتیەوە بۆ سلێمانی. لە پۆلی سێیەم وەرگیراوەو تا ١٩٢٣ بەردەوام بووە لەسەر خوێندن. ئەو ساڵە چووەتە قوتابخانەی عیلمییە لە کەرکووک؛ بۆی ڕآ نەکەوتووە لەوآ بخوێنآ، بۆیە ڕووی کردوەتە بەغدا. ١٩٢٤-١٩٢٥ی لە (دار العلوم) بەسەر بردووە. ١٩٢٦-١٩٢٧ گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی، لە پۆلی یەکەمی ناوەندی قبوولڕ کراوە.

ئەو ماوەیە جگەرەفرۆشیی بە دەستگێڕی، چەند مانگێکیش لە ئەشغالڕ لەسەر ڕآی عەربەت ئیشی کردووە. ١٩٢٨ لە هەولێر ژیاوە. بەهۆی عەبدولقادر سەعید "قالەی ئایشەخان"ـەوە لە ڕێگەی هەولێر-ڕەواندز- ڕایات دامەزراوە. هەمان سالڕ بووە بە مامۆستای قوتابخانەی زانستی. ١٩٢٩ بیستوویە باوکی لە (مەرعەش) مردووە، ١٩٣٠ چووەتە ئەوآو گەڕاوەتەوە.

بەشدارییەکی ئازایانەی لە ڕاپەڕینی ئەیلوولی ١٩٣٠ی سلێمانیدا کردووەو بە برینداری گیراوە. ١٩٣٣ بووەتە مامۆستای قوتابخانەی مۆرتکەی بازیان، پاشان هی تەوێڵە. هاوینی ١٩٣٥ کە مامۆستا بووە لە بازیان، بەشداریی لە خولێکی مامۆستاییدا کردووە. ١٩٣٧ دوو خراوەتەوە بۆ حللە، دوای ساڵێک بۆ عیمارە، نەچووەو هاتوەتەوە بۆ سلێمانی. ئیتر قوتابخانەیەکی پچووکی داناوە، تا ١٩٤١ دەرسی تێدا وتوەتەوە. ئەمجا بووەتە مامۆستای ڕەسمی تا دواوایییەکانی ١٩٤٨ لە قەرەداخو سلێمانی‌و سووردداشو هەڵەبجە. ڕۆژی ١٩٤٨/١٢/٨ بە تەوژمی خوێن کۆچی دوایی کردووەو لە گردی سەیوان نێژراوە.

بێکەس، لە ١٩٤٤دا بووەتە ئەندامی لقی کوردستانی عیراقی (ژ. ک)؛لە ١٩٤٧یشەوە، دوای هەرەسی حکوومەتی کوردستان لە مەهاباد، چووەتە ناو پارتی دیموکراتی کورد. زمانەکانی عەرەبی‌و فارسی‌و تا ڕادەیەکیش ئینگلیزیی زانیوە. لە "ژیان"و "ژین"و "گەلاوێژ"و "کوردستان-١٩٤٦"دا شیعری بڵاوکراوەی هەیە. دیوانی شیعرەکانی چەند جارێک لەچاپ دراوە .

٧٦) ق. م: ١ نووسین.

هیچ دوور نییە هەر مەلا قادری مودەریسی بآ.

٧٧) قەدری جان: ١ شیعر.

ناوی عەبدولقادر کوڕی عەزیزە، ١٩١١ لە (دێریک)ی باکووری کوردستان لەدایک بووە. خانەی مامۆستایانی لە ئیزمیر تەواو کردووە. ماوەیەک لە ئەسکەندەروونە مامۆستا بووە. ئەمجا هاتوەتە سووریا، لەناو کوردەکانی جزیردا جێگیر بووە. لە عامووداو قامیشلی مامۆستایی کردووە. دواتر چووەتە شام، لە

قوتابخانەکانی تاخی‌کرمانج دەرسی وتوەتەوە. دوایی بووە بە فەرمانبەر لە وەزارەتی پەروەردە.

ماویەتی بۆ ژمارەی داهاتوو

# زانستی جوانی خوێندنەوەیەکی سۆسیۆ-ئیستێتیکی بۆ جوانی و ناشیرینی

## سیروان حەمەڕەشید

ئەم دەقە گرنگ و مەعریفییە کەبەشێوازێکی ئاسان و ڕوون لەسەر ڕەهەند و ماناکانی ئیستێتکی جوانی و ناشیرینی هەڵوێستە دەکات و لە ڕوانگەی کومەڵناسی و دەروونزانی و پەروەردەییەوە پێمان دەناسێنێت.

هەڵبەتە دوای خوێندنەوەی کتێبی زانستی جوانی نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد نوسیویەتی ئەو ڕاستیەم لای دروست بوو کە پێویستە زانستی جوانی لەکوردستاندا وەک وانەیەکی بنەڕەتی ئاستە جیاوازەکاندا بخوێنرێت و بایەخی زۆری پێبدرێت، جگە لەوەش گرنگە ئەم کتێبە لەهەمو ماڵێکدا هەبێت و ئەوانەی دەخوێننەوە و بەوانەشی هیچ سەروسەودایەکیان لەگەڵ دونیای خوێندنەوەدا نییە گەر بۆجارێکیش بێت بخوێنرێتەوە کارێکی باش دەبێت. چونکە بەدڵنیایەوە ناوەڕۆکی کتێبەکە بەباشی ئاشنامان دەکات بەفەرهەنگی خۆشەویستی و جوانی و ناشیرینی بەخەسڵەت و بەهاکانی ڕاستگۆیی و لێبوردەیی و جەوهەرناسی و بەگژداچونەوەی ڕق و بوغزا و دڕدۆنگی و شەڕەنگێزی و ڕووکەشگەرایی.

لەو بارەیەوە نوسەر لەسەر کتێبەکە "دەڵێت: بەشی زۆر بابەتەکانی نێو کتێبەکە بریتین لەو لێکچڕانەی لەوانەی ئیستێتکی پەروەردەییدا بۆ خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی- قۆناغی سێیەمی بەشی کۆمەڵایەتی و خوێندکارانی ماستەری هەمان بەشی کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتییەکانم گوتۆتەوە."

هەروەها نوسەر هێما بۆ گرنگی بابەتەکە دەکات و "دەڵێت: زانست جوانی یان ئیستیتیک، زانستێکی نوێیە، بەڵام ڕیشەیەکی درێژیشی لەمێژوودا هەیە، بەتایبەتی لەمێژووی فەلسەفەدا" .

نوسەر پێیوایە جوانی و هونەر لەزۆر ڕووەوە لەیەک دەچن و لەخاڵ جەوهەرییدا هاوبەشن، بەتایبەتی لەمەسەلەی هەست ویژداندا. بۆ ئەوەش جوانی پۆلێندەکات بەسەر دوو جەشندا.
یەکەم: جوانیی سروشتی کەشتێکی هەستپێکراوە لەلایەن مرۆڤەوە.
دووەم: جوانی هونەری کەمەسەلەیەکی فەلسەفییە و مرۆڤ دایهێناوە.

لەو ڕوانگەیەوە نوسەر بۆ تصدیقکردنی ئەو ڕاستییە سەرەوە کە جوانی دەستکردی خودی مرۆڤەکانە کەبەئارگۆمێنت لەسەر جوانی و هونەر، دیدگای چەندین فەیلەسوفی کۆن و نوێ خستۆتەڕوو وەک(هۆمیرۆس.. ئەرستۆ .. هیگڵ.. چارلز لالۆ.. هتد) .

دیارە جوانی لەهەست و ناخی مرۆڤدا دروست دەبێت و نەشونما دەکات و دواتر دەبێتە خەسڵەتێکی هونەری نوسەر لەسەر ئەوە ئیستێک دەکات و "دەڵێت: هونەر پەیوەستە بەهەستکردنێکی ئینسان بەجوانی ، هەستکردن بەجوانی هەستکردنێکی خۆرسکانەیە، بۆیە دەوترێت لەناوەوەی هەمو ئینسانێکدا هونەرمەندێک هەیە" .

تیۆرییەکانی ئیستیتیکی:

بۆ ئەوەی خوێنەر بەمەنهەجیانە و جوانتر و ڕوونتر لە ماهیەتی لەزانستی جوانی تێبگات لێرەدا نوسەر دێت قسە لەسەر تیۆرەکان جوانی دەکات بەشێوازی ڕیزبەندی تیۆرییەکانی ئیستتییکی دەخاتەڕوو. کە خۆی لەحەوت تیۆرییە دەبینێتەوە کەبریتین لەتیۆرەکانی( لاسایکردنەوە... مارکسیزم.. سایکۆلۆژی... سۆسیۆلۆژی... بوونگەرایی... فینۆمینولۆژی واتە دیاردەگەرایی... مۆراڵی) نوسەر بۆ هەر تیۆرییەک ڕوونکردن و زانیاری خۆی لەسەر نوسیوە. زانستی جوانی تەنها یەک لایەن نابینێت ، بەڵکو لەچەند لایەنێکەوە ڕۆچۆتە نێو کایەکانی ژیانی مرۆڤ و سروشت و ژینگەوە بۆ نموونە جوانی ژینگە هەستێکی ئیستیتیکی بەمرۆڤ دەبەخشێت، جوانیی ژینگە پەرە بەپلانی ئەندازیاریی شارەکان دەدات، ئەو ڕواڵەتانە کار دەکەن سەر ئەقڵ وڕۆشنبیری تاکەکان"

لەبەشێکی کتێبەکەدا لەسەر ئیستیتیکی ناشیرینی( علم جمال القبح) وەستاوە .


بێگومان نوسەر لەڕوانگەی تێز و بۆچونی چەند فەیلەسوف و سۆسیۆلۆژست و شارەزاوە زانستی ناشیرین شەن و کەو کردوە بۆ نمونە ڕای فەیلوسوفی ئیتاڵی ؛بندیتۆ کرۆچێ؛ لەسەر ناشیرینی خستۆتەڕوو: کە"دەڵێت: ئەو شتەی لەسروشتدا جوانە مەرج نییە لەهونەریشدا جوان بێت، یان شتێک کەلە سروشتدا دزێوە مانای ئەوە نییە لەهونەردا جوان بێت، چونکە جوان و ناشیرینی بەپێی زەوق و میزاجی کەسەکان دەگۆڕێن"

بەشی سێیەم : تایبەتە بەتوێژینەوەکانی ئیستیتیکی پەروەردەیی:

پەروەردە و ڕاهێنان و مەشقکردن لە ڕێگەی "گەشەپێدانی مرۆیی بەگۆڕینی ئایدیا و هزری تاکەکانەوەیە دروستکردنی بەختەوەری یەکێکە لەسیما دیارەکانی جوانکردنی ژیان"

دیارە یەکێکە لەو بیرۆکانە بۆجوانکردن و دەستەبەرکردنی بەختەوەری و ژیاندۆستی گرنگە مرۆڤ لەئێستادا بژین. لەپەڕەگرافێکدا هاتووە

"ئەو جوانییەی تۆ دەیبینیت ئێستایە، ئەو جوانییانەی تۆ دەیانخەیتە ڕوو لەئێستادایە. لەگەڵ ئەو شتانەدا بژی کە ئێستا لەبەردەستدایە. ئەوەی ئێستا هەتە.
لەگەڵ ئەو کەسەدا بژی کە ئێستا لەگەڵتدایە، چونکە دوای ئەو دەڕوات ، یان تۆ دەڕۆیت.
بەو خۆشەویستییە بژی کە ئێستا لەبەر دەستدایە، خۆشەویستیەکی خەیاڵی کە خەیاڵدانت دروستی دەکات و دەشێت هەر نەبێت، لەئێستای پایزی جوانیدا بژی بەرلەوەی سەرما و سۆڵە و بەستەڵەکی زستان هوروژمت بۆ بهێنێت، لەجوانی و خۆشییەکانی بەهاردا بژی بەر لەوەی گەرمای هاوین گەماڕۆت بدا"




هەروەها تیشک دەخاتە ڕێکخستنی کاتەکانی ژیان ، چونکە پێیوایە گەر ڕێز لەکاتەکان بگرین چێژ و خۆشی دەبەخشێتە ژیان و "دەڵێت: مرۆڤ بۆ ئەوەی چێژ لەژیانی وەربگرێت، پێویستە کاتەکانی ژیانی ڕێکبخات ، چونکە کات ڕۆحی گەردوونە ، ناکڕدرێت، هەر وەک چۆن نابەخشرێت و ناگەڕێتەوە و کات سنوداره ، هەموو کارێک کەلەژیاندا دەیکەین پێویستی بەکاتێکە، سودوەرگرتن لەکات تەواوی باردۆخی ژیانمان دەگۆڕێت و دەمانگەێنێتە لوتکەی هیوا و ئاوات و ئامانجەکانمان و لەژێر سێبەری بەختەوەریدا پشومان پێدەدات."

فاکتێکی دیکە زانستی جوانی ئەوەیە کەلەفەلسەفەی ئەودیو سروشتدا ڕۆڵی بیرکردنەوەی ئەرێنی کە مرۆڤ بەئاراستەی خۆشبەختی و بینینی جوانی و هەنگاوی تەندروست دەنێت ، کەپێیوایە ڕاستییەک لەزانستی متافیزیکدا هەیە "مرۆڤ ئەگەر بەڕێگەیەکی تەندروست بیر بکاتەوە، ئەوا بەڕێگەیەکی تەندروست قسە دەکات و بەڕێگایەکی تەندروستیش ڕەفتار دەکات،

ئەگەر بەڕێگەیەکی تەندروست ڕەفتار بکات ئەوا کاردانەوە و بەرچەکرداری هاوسەنگ دەبێت، ئەمەش هەستگەلی هاوسەنگی لێدەبێتەوە، نەک هەستگەلی خراپ بەرهەم بهێنێت..."

دواتر دێت ئاماژە هەڵچون و توڕەبوون مرۆڤ دەکات و تەرکیز لەسەر دیدی دەڵای لاما کەپێیوایە: "ڕق و توڕەیی باری ئارامی عەقڵت تێکدەشکێنێت باشترین بەشی مێشک خاپوور دەکات.."

نوسەر چەند پێوەرێکی بۆ جوانی دیاری دەکات پێیوایە کۆمەڵێک خەسڵەت هەن کە جوانی و هیوا بەژیانی مرۆڤ دەبەخشێت، کەبریتین لە( بڕوابەخۆبوون، کارکردن ، خاوەنی ئیرادە، تێکەڵابون بەخەڵک.. خوێندنەوە، ئاگادار بوون لەدونیا، خاوەن ئەقڵی خۆت بیت، نوێگەر و داهێنان و زینی ڕوون و نیشتیمانپەروەرە و دۆستی ژینگە بیت ..هتد)

لە کۆتا پەرەگرافی کتێبەکە بەپەنجا ڕێساکەی بەکترقبوڵکردن و پێکەوژیانی ئاشتیانە و دواتریش پێداویستیە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ لەڕێگەی نیشاندانی هەرەمەکەی ماسلۆوە خستۆتەڕوو لەگەڵ چەند وێنەیەکدا کۆتایی بەنوسنی کتێبەکە هێناوە...

# ئۆپەرێتی کاریلە وبەرخۆلە

نوسینی: عوسمان دەروێش

بەرخۆلە
..
باااع باااع
——
کاریلە
..
ئەووچیتە بەرخۆلە
چیە ئەو بۆلە بۆڵە
بۆ هێندە دەباعێنی
بەسە بۆ واز ناهێنی
—
بەرخۆلە
...
چیبکەم هاوڕێ کاریلەم
دڵم پڕ بووە لە خەم
دەباعێنم بۆ دایە
بۆچی بۆلای من نایە
——
کاریلە
...
خۆ منیش وەکو تۆ وام
هەر خۆم لێرەم بەتەنهام
ئەمڕۆ دایکی هەردوکمان
ڕۆیشتوون لەگەڵ ڕان
——
بەرخۆلە
...
ئەی بۆچی نەیانبردین
لێرەدا بەندیان کردین
——
کاریلە
...
ئەوان دەچن بۆ ڕێی دوور
جێی سەرەو خوار ، سەرەوژوور
نایەنەوە تا درەنگ
ئیتر بەسە دەنگە دەنگ
——
بەرخۆلە
...
خۆ ئێمەش وەک ئەوانین
ڕێ دەکەین و دەتوانین
——
کاریلە
..
نا ، ئێمە ماندوو دەبین
بەرگەی ئەو ڕێیە ناگرین
بۆ شوێنی زۆر دوور دەڕۆن
قەرسیل و گیای تەڕ دەخۆن
——
بەرخۆلە
...
ئێمە تەنها شیر دەخۆین
بۆیە لەگەڵیان ناڕۆین ؟
——



کاریلە
...
بەڵێ لە کاتێک دەڕۆین
پووش و گژ و گیا بخۆین
من لەگەڵ دایە بزن
دەسدەکەم بە گیا خواردن
———
بەرخۆلە
...
منیش لەگەڵ دایە مەڕ
دەبێ بچم بۆ لەوەڕ
——
کاریلە
...
هههههههههههههه
ئای چەن خۆشە کاکەی شوان
ئێمەش ببات لەگەڵ ڕان
——
بەرخۆلە
...
خۆزگە زوو گەورە دەبووم
لەگەڵ دایکمدا دەچووم
——
کاریلە
...
واز بێنە لە خەمباری
وەرە دسکەین بە یاری
شەڕە قۆچ و بازبازێن
ڕاکە ڕاکە و تاوتاوێن
——
بەرخۆلە
...
تۆ ڕاستدەکەیت کاریلە
با من و تۆی وردیلە
یاری بکەین پێکەوە
تا دایکمان دێتەوە
———
ئینجا باوەش دەکەن بە یەکدا و دەڵێن ...
خوایە گیان لە مەترسی
گورگ و دڕندەی برسی
بپارێزە ، دایکمان
بگەڕێنەوە لامان
کۆتایی ———

# دەنگە جیاوازەکان

ڕەووف محەمەد ئالانی

چەهچەهەی بولبول
ڕەنگی جوانی گوڵ
قاسپەی کەوی کێو
خەندەی جوانی لێو
جریوە جریوی نەرم
پاساری دڵی گەرم
گمەی کۆتر بەیانی
دڵ دەکا بەبریانی
گارە گاری نیوەڕۆ
مامر نابێ دەسخەڕۆ
بۆڕەی مانگا ئێوارە
مرخەی بێچوو دیارە
قاڕەی کار لەناوماڵان
لورەی گورگی بەرماڵان
خشپەی گەڵای وەریو
دەستی لەسەرما تەزیو
گرمەی هەوری بەهاران
لرفەی لافاوی هەردان
حیلەی ئەسپ لەدووردێ
بۆڕەی مانگاش بۆناودێ
هاژەی تاڤگەی شیرین
ئاویکە بۆخۆشی ژین
کناچەی پۆڕی سەرچەم
ئەنەوێت لە ترسی خەم
لەولا واقەی، دێ لەدوور
چەقەڵ بۆ مامری سوور
ئەمانە هەموو جوانن
خۆشی و ئاوازی ژیانن




# ئاسکی بەخشندە

## ئەمین محەمەد




لەناودارستانەکەدا،چۆلەکەیەک لەسەرداریکی بەرز،هێلانەیەکی خنجیلەی دروستکردبو،چوارزەرنەقووتەی دەنوک زەردی تێداهەڵهێنابو،وردە،وردەخەریک بوگەورەدەبون،هەرجریوەجریویان بو، رۆژێک دایکەچۆلەکە دوورکەوتبووەوە خەریکی کۆکردنەوەی خۆراک بو،لەناکاومارێکی رەنگاورەنگ ،لەولاوەهات و بەرەوهێلانەکە بەدارەکەدا هەڵگەڕا،بێچووەچۆلەکەکان زۆرترسان لەناوهێلانەکەدا باوەشیان بەیەکداکردوخۆیان بێدەنگ کرد، قەلەباچکەی دراوسێیان چاوی لێوەبو،بەخێرایی بەرەوهێلانەکەفڕی ،بەمارەرەنگاورەنگەکەی وت: ڕاوەستەرێگات نادەم بچیتەناوهێلانەکەوئازاری بێچووەچۆلەکەکانی دراوسێم بدەی،بەڵام مارەکەپێچاوپێچ خۆی لەدارەکەئاڵاندبو،قەلەباچکەکەبەدەنگی بەرزبەناودارستانەکەدا هاواری کرد،تکایەفریامان بکەون باهێلانەچۆلەکەکەی دراوسێمان بپارێزین،بەخێرایی ژیژک وسمۆرە لەولاوەپەیدابون،ژیژک بەدرکەتیژەکانییەوەچووەژێردارەکەوبەمارەکەی وت:تکایە ئازاری بەچکەچۆلەکەکان مەدە، وازلەهێلانەکەبێنەو وەرەخوارەوە،بەڵام سمۆرەبەخێرایی بەدارەکەداسەرکەوت وخۆی گەیاندە ناوهێلانەکە،لەوکاتەدا دایکەچۆلەکەبەپەلەپەل خۆیگەیاندەهێلانەکەی وبەپەشۆکاوییەوە وتی:ئەوەچییەهاورێیان ئێوەبۆلێرەن؟




ئەی بێچووەکانم کوان،ئایاهیچ ڕویداوە؟سمۆرەکەبەچۆلەکەکەی وت:نانا مەترسەهیچ ڕوینەداوە،تەنیا ئەومارەرەنگاورەنگەبەدارەکەداسەرکەوتوە،دەیویست بێت بۆناوهێلانەکەت،بەڵام ڕێگریمان کردونەمان هێشت،ژیژک وتی:هیچ خەمت نەبێت بێچووەکانت پارێزراون،داوامان لەمارەکەکردووە،وازلەبێچووەکانت بێنێت وبەهێواشی بێتەخوارەوە،بەڵام لەوکاتەدامارەرەنگاورەنگەکە وتی:من نایەمەخوارەوەچونکەزۆرم برسییە،قەلەباچکە کەوتی:مارەرەنگاورەنگەکەتۆخەمت نەبێ برۆخوارەوە،ئێمەخواردنێکی خۆشت بۆئامادە دەکەین،سمۆرەوتی:ئامن دەزانم تۆزۆرحەزت لەشیرە،مارەکەوتی:بەڵێ زۆرحەزم لەشیرە،دەشیرم بۆبێنن دەی،ئینجادێمەخوارەوە،دایکەچۆلەکەوتی:جائێستالەکوێ شیری بۆپەیدابکەین؟خۆئێمەشیرمان نییە،سمۆرەوقەلەباچکەوژیژک وتیان ئاسانەئێستادەچین بۆماڵی دایکە کەروێشک ئەوشیرمان دەداتێ وبۆیدەهێنین ، بەڵام دایکەکەروێشک پێی وتن:ببورن تەنهابەشی بێچووەکانی خۆم شیرم هەیە،من ناتوانم شیرتان بدەمێ ،دایکەکەروێشک بەخشدەومیهرەبان نەبو بۆیە هاوکاری نەکردن،لەوکاتەدائاسکەبچکۆلەگوێی لەدەنگی کەروێشک بودەیوت:شیرتان نادەمێ بۆیە یەکسەروتی:وەرن من شیرتان دەدەمێ ،لەناوئەشکەوتەکەی ئەوبەرەوەشەمشەمەکوێرەبەدەنگی بەرزوتی:منیش ئامادەم شیرتان بدەمێ،خۆمنیش شیرم هەیە،هەمویان بەپێکەنینەوەوتیان زۆرسوپاس بەڵام تۆشیرت کەمە،ئێمەزۆرمان دەوێ، ئیترکوپێک شیریان لەئاسکەبچکۆلەوەرگرت وبردیان بۆمارەرەنگاورەنگەکە،ژیژک،کوپەشیرەکەی گرت بەدەستیەوەو وتی:مارەرەنگاورەنگەکە دەی وەرەخوارەوە ئەوکوپەشیرەبخۆ،ئیترمارەکەپێچاوپێچ بەدارەکەداهاتەخوارەوەوتێری لەشیرەکەخواردەوەوسوپاسی کردن،ئەوانیش وتیان:ئیترئێمەهەمومان هاورێین،هەرکاتێ برسیت بو،پێمان بڵێ شیرت بۆدەهێنین،بەڵام نابێ ئێمەکەسمان ئازاری یەکتری بدەین ،دەبێت هەمومان هاوکاری یەکتربکەین وژیانی یەکتربپارێزین.



# کۆت

لەتیلەی هەوادا گوڵ ماچکە
بزانە بەرامەی چیاکان
لەکوێوە هەڵدەکەن
لەزامی کانییا
ڕەنگی سوور بناسە
تێدەگەی چۆن لوتکە
دەخزێتە سەر چرۆی هەڵدێرا
شیعرێکی قەترانی جوان بمژە
بۆئەوەی وشەکان هەڵپەڕن
لەمەرگی ناوادەی لاپەڕەو دێڕا
نەکەی خۆت
لەقەرەی ئاوازی عەشق بدەی
خوێن زاری ماچ و
ڕق بەستەی
ڕامووسان نازانێ
ژاکان لەشەڕا گوڵ دەکاو
خاك بە جەنگ کوێر دەبێ
بۆ ئەوەی بتوانی
پێناسەی ویژدان باش بکەی
سنگی شوێنەوارەکان بخوێنەوە
هەتا ئەم کوردە بناسی
بەسەحرادا بگەڕێ
کەللە سەر
لەسنگی زەمیندا کۆکەرەوە
برۆ ئەنادۆڵ
بەدەنگی بەرز گۆرانیەك بڵێ
ئینجا نەغمەی تفەنگ و
زیرەی گوللە
لەجەرگی خۆتا دەبینی
بەدەنگەکان شارەزا دەبیت
دەزانی هاوار هەیە
بەگەرووی تۆ بڤەیە
دەست هەیە دەمی تۆ دادەخا
بانگ هەیە
بۆ مەرگ و کوشتنی تۆ دەدرێ
کەی بینیت
پەنجەرە سەری با دەشکێنێ
دار بۆ باران ڕووت دەبێتەوە
لەکەناری خۆتا
لەژێر سێبەری بالآتا
لەبوونی مرۆ ورد بەرەوە
گیانت لەتابلۆی نیشتمان مارە کە
گڵ بکە بەسامان
دیلانی ئازادی پێبکرە
مەلێکی تینوو تێراو کە
لەفڕین بگەو
لەکۆتی دەروونت هەڵفڕە


**ستار ئەحمەد**



# مناڵەکان!

ئێمە تووشی سەد کوێرە ڕێین
چرای بیرمان گەلێک کزە،
هەنگاوی کوێرانە دەنێین
مناڵەکان
ئەفسانەکان دەگێڕنەوە
هەبوو...نەبوو...
هۆزێک هەبوو لە خاکێکا.
پاڵەوانیان
چاوی کوێر بوو،
هەوای دەوری خۆی دەپێکا
فەیلەسوفیان
فاڵچییەک بوو،
شەوان فاڵی دەگرتەوە،
تا بزانێ کەی دوژمن بۆی
پەت دەخاتە گەردنی خۆی.
پیاو ماقوڵیان
کەر و لاڵ بوو،
ماوەی کورتی ئارامشی هەزار ساڵ بوو.
هۆزی نەگبەت
شەوی دەژمارد،
ڕۆژی دەژمارد،
سێ ژەم نان و چەپڵەی دەخوارد،
چاوەڕێ بوو کە دوژمن بۆی
پەت بخاتە گەردنی خۆی.

**عەبدوڵڵا پەشێو**



# بەسەرکردنەوەی شەهیدان


## شەهید تەحسین کاوانی

لە ساڵی ١٩٥١ لە گوندی کاوانیان-ی بناری سەفین لەدایک بووە، لە ساڵی ١٩٦٧ بنەماڵەکەیان لە سلێمانی نیشتەجێ بووە، لە ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیی کردوە بەکۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە و لە ڕیزەکانی (ی.ن.ك)دا چالاکی هەمەجۆری سیاسی و عەسکەری ئەنجامداوە، لە ساڵی ١٩٨٠ کراوە بەئەندامی کۆمیتەی سەربازی لەشاری هەولێر، لە ڕۆژی ٢٣/٣/١٩٨١ سێ لە هاوڕێیانی دەسگیردەکرێن و شەهید تەحسینیش ڕوی کردۆتە شاخ، دوای بەشداریکردن لەیەکەم کۆنفرانسی کۆمەڵەدا چۆتە خۆشناوەتی و پاشان تیپی (٨٣)ی هەورێ و فەرماندەی کەرتی پێسپێردراوە، لەژیانی پێشمەرگایەتیشدا چەندین پلەی جۆراوجۆری پێسپێردراوە وەک: جێگری فەرماندەی تیپی (٨٣)ی هەورێ لە ساڵی ١٩٨٣ و فەرماندەی تیپی (٩١)ی سەفین لە ساڵی ١٩٨٥ و فەرماندەی تیپی (٨٥)ی بەرانەتی لە ساڵی ١٩٨٦ و لەساڵی ١٩٨٩ بۆتە فەرماندەی تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێرو لەساڵی ١٩٩١ جێگری فەرماندەی لەشکری دووی هەولێر و لە ساڵی ١٩٩٢ بەرپرسی هەواڵگری بووە لەسەرکردایەتی ناوچەی هەولێر و لە ساڵی ١٩٩٤ قایمقامی شەقلاوە بووە، لەئەیلولی ساڵی ١٩٩٥ دا کراوە بەفەرماندەی لەشکری (٩)ی کۆیە و لە ساڵی ١٩٩٦ دا ئەندامی فەرماندەیی دووی هەولێر بووە لە داستانی (١٣) ڕۆژەی سماقوڵی-سوسێ-دا، لە ٩/١١/١٩٨٧ دا نەوزاد کاوانی برای شەهیدبووە و چۆتە کاروانی نەمری شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان.

شەهید تەحسین لەژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری و سەرپەرشتی چەندین داستان و چالاکی گەورەی کردوە دژی ڕژێمی بەعس و هەروەها لەشەڕەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان شەرەفی بەشداری پێ براوە و هەمیشە دەیگوت شەڕی دوان لە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستانم کردوە ئەوشەرەفەم پێ ببڕایە شەڕی تورک و سوریاشم بکردایە ، بەڵام ئەفسوس

لە ڕۆژی ٩ ی ١١ ی ١٩٩٧ لە گردی (جاسوسان) لەگەڵ هەڤاڵان (هاوار ڕەمزی هیرانی و بورهان حەمید کەرکوکی) بە ناحەق شەهید دەکرێن و دەگەنە کاروانی سەربەرزی شەهیدان شەهید تەحسین هەرچی لەسەر بنوسرێ و بوترێت ناگاتە بارتەقای ماندووبون شەونخونی بۆ شۆڕش و کوردستان .

لە تیپی ٨٦ وەرگیراو






# بەسەرکردنەوەی هونەرمەندان


## ئاری بابان

ئامادەکردنی بەختیار سەعید

1953-لەکەرکوك لەدایکبووە.
1976 -کۆلیجی ئەدەبیات- بەشی زانستی کتیبخانەکانی تەواوکردووە.
1972 -یەکەمین پیشانگەی تایبەتی لە کەرکوك کردۆتەوە.
-تا ئێستا خاوەنی هەشت پیشانگەی تایبەتییە.
1972-2011-بەشداری زیاتر لە (100) پیشانگەی هاوبەشی کرووە.
-ئێستا بەڕێوەبەری کتێبخانەی گشتی سلێمانییە.
2020-کوجي دوایی کردووە.


















# بەسەرکردنەوەی شەهیدان


## ڕووسوورەکانی مێژوو ،کڵاوڕۆژنەی نیشتیمان

## نەمر حەمە دێگەڵی

بەبناری وەفای نیشتیمانەوە تا ئەژنۆکانی لەخۆشەویستی خاکداو تا تەوقی سەرو ناوچەوانی لەتەم تومانی کۆڵنەداندا بوو،هەنگاوێکی توندی نەعرەتەی هێرش و هەنگاوێکی بەکۆمە کۆمی لەسەنگەر بەرنەداندا بوو ،دەستێکی پڕ بوو لەسەوزایی و گوڵە بەهارەو نازی ڕێواسی لێو تەڕی هەمیشە بەهاری گمۆوماڵەو ماڵ ئەگەڕا بۆ گوڵدانی دڵە شکاوەکان و ،دەستێک لەسەر پەلە پیتکەی تفەنگ و چەکی تۆڵەو هەناسە پڕ لەحەسرەتی نیشتیمان و بۆنی خاک و بارانی بەهاری ،هەر ئەڕۆیشت و هەنگاوی ڕووبارێکی بەخورو سەرکێش و ،سەری هەورێکی ناو هەوری پڕ بارانی هەمیشەیی بوو .

ئەو نەهیلاک ئەبوو نە پشووی ئەدا ڕەووتی کەڵەکێوی بوو،ئەو بەئاو و هەوای دێگەڵ و بناری گمۆ پەروەردە ببوو ،دەستی ڕەنج و جوتیارێکی کارامەو بۆ هیچ شتیك پەکی نەدەکەوت شارەزای ژیانی دێهات و شاخ و کێو بوو هەرچیت پێ بوتایە نەخێر نەبوو لە کشتوکاڵ و بارو پێچانەوەو کەپرو ژیانی ئاژەڵداری و جوتیاری وڵاغداری و ...هتد .

کاکە حەمە لەدایک بووی گوندی دێگەڵ بوو لەبناری گمۆ لەشاراژێر خوێندنی تا ناوەندی لە چوارتا خوێندووەو ،لەبنەماڵەیەکی هەژارو نیشتیمان پەروەر بووەو هەمیشە لەسەنگەری شۆڕشدا بوون ساڵی ١٩٨٦ بووە پێشمەرگە لەکەرتی یەکی تیپی ٣٧ ی شارباژێر،لە ڕێکەوتی١٤ لەسەر ١٥ مانگی ٤ ساڵی ١٩٩١ لەداستانێکی قارەمانانەدا لەکێوی ئەزمەر چووە کاروانی نەمرانەوە ، کاکە حەمە نمونەی هەڵوێست و ئازایەتی و قارەمانێتی بوو هاوڕێکانی و ناوچەکە گەواهی دەری ئەو ڕاستی یەن هەزار یادی بەخێر /ڕزگارەسوور







## ڕووسوورەکانی مێژوو ،کڵاوڕۆژنەی نیشتیمان

### نەمر گەشمردە عەتای وەستا مەحمود ناسراو بە وەستا عەتا

لەبەیانیەکی سلێمانی ئەچوو بۆنی هەموو بێستان و ڕەزوو بەراو باخێکی لێدەهات خۆشی ڕەنگی دارچوالەو شۆڕەبی و بەڕوو مازووی گرتبوو،ئەوەندە تامەزرۆی عەشقی خاک بوو لەسەر بۆنی هەناسەی بۆنی پونگەو هەڵس و دارەبەن و جوالەی مزری لێئەهات ،ئەو بەدیار هەموو سەوزایەکەوە ئەبوو بەعەشق و خۆشەویستی نیشتیمان چرۆی ئەکرد گوڵە ئەرخەوانی سۆزی نیشتیمانی ئەگرد، ئەو تەونی هەتاو و سێبەرو تەم تومانی بەهەناسە ئەکرد ،تاوێک زریکەی کەوێکی ڕادەژەنی و ،تاوێک لایلایەی بۆ هەتاو ئەکرد و جارجاریش عەشقی نمەبارانی ژیر ئەکردەوە ،لەگەڵ بەفراویشدا ئەبوو بەنازی قەڵبەزەو بۆ هەموو خەمێکی خاک باوەشی جۆلانە بوو.

کاکە وەستا عەتا لەساڵی ١٩٦١ لەسلێمانی لەدایک بووە لەبنەماڵەیەکی تێکۆشەرو نیشتیمانی .


تاوەکو پلەی دووی دواناوەندی خوێندووە ،

ساڵی ١٩٧٩ لەشارباژێری تەخت تیپی ٣٣ی سلێمانی بووە بە پێشمەرگەو دوایش ئەچێتە دۆڵی جافایەتی و دۆڵە ڕووت و لەتیپی ٤٧ ی پیرەمەگرون ئەبێتە پێشمەرگە لەگەڵ هاوڕێ جەبار.

لە شەڕەکانی ئەو ناوچانەدا بەشداری کارای هەبوەو هەمیشە شوێن دەستی دیار بووە لەشەرەکانی ناو سلێمانی و سەرچنارو دۆڵەڕووت و هەلاج دابان و داستانی ڕزگاری ...هتد،

کاکە وەستا عەتا جێگری فەرماندی کەرت بووە لەشەوی ١٣ لەسەر ١٤/مانگی چوار٠٤/ساڵی ١٩٨٧لەگەڵ تێکۆشەرێکی تر بەناوی سەرداری حەمەی سەلیم کە قارەمانێکی تیپی ٤٧ ی پیرەمەگرونن بووە لەگوندی باڵخ لەداستانی ڕزگاری دا چوونە کاروانی نەمرانەوە هەزار یادیان بەخێر /ڕزگارەسوور



# عەلی حەمەڕەشید

زامی ئەنفال ساڕێژ نابێ و
سالانە نوێ دەبێتەوە
برینێکی بە ئازارە و
لە نیساندا دەکولێتەوە

...

وێنەکانیان ئەلبومێکی
پڕ یادگاریی نێو مێژووە
مۆسیقای ئازار و ژانە و
بەهەناوماندا ڕۆچووە

...

بەتەنها تاوانی ئەوان
ئەوە بووە کەوا کوردن
کەچی ڕژێم بێڕەحمانە
بەرەو دورگەی مەرگی بردن

...

وا بوون بە ناسنامەی گەلێک
تاهەتایە سەربەرز دیارن
لەنێو دڵی ئێمەی کورددا
وەک خۆرێکی پرشنگدارن




# بیرەوەری

## ڕەحمان شکر حەمە صالح

## (پیرانی جیهاز)

## ئەنفال

ساڵی 1988 ئێمەلە سنووری تیپی 21ی کرکوک لەناوچەی شێخ بزێنی خواروو دائەنیشتین وەختێک بوو هەموو ڕێگاوبانەکان گیرابوون وە چواردەوری ناوچەکە تەنرابوو بە سوپای عێراق و جۆرەها هێزی ترو بەکرێگیراوەکانی، عەسرانێک خەزورم هەستی بە مەترسی ئەو ڕۆژانەو هێرشی دوژمن کردبوو بەهەڵەداوان گەیشتە لامان ووتی هاتووم بەدوای مناڵەکانا بۆ ئەوەی لە مەترسی ئەنفال کردن بیانپارێزێ. بەڵام شەرمم بەخۆم بوو لەگەڵیا بیاننێرم بۆ ناو شار چونکە ئەوکاتە بیروباوەڕمان وابوو کە نابێ خۆمان لە جەماوەری ناوچەکە جیابکەینەوە بۆ ئەوەی نەڵێن پێشمەرگە کەسو کاری خۆیان دەنێرنەوە،هاوسەرەکەشم ئامادە نەبوو بڕواتو من بە جێ بێڵێ وای بە باش زانی بۆ هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەک باشترە پێکەوە بین،ئەوەبوو خەزوورم ناردەوە ئێمەش ماینەوە، زۆری نەبرد هەر پاش دوو سەعاتێک خەڵکیش هەستیان بە مەترسی زیاتر کردو ڕوو لە ڕووباری زێی بچوک بۆ پەڕینەوە لەئاوەکە بۆ بەری دەشتی هەولێر، منیش وەکو خەڵکی ناوچەکە لەدرەنگانێکی ئەوشەوە بە هیممەتی شەهیدی فەرماندە کاک ئاکۆ سوور لەڕێی کەڵەکەوە توانیمان بپەڕینەوە، شایەنی باسە حکومەتی ڕەفتارفاشستی عێراق ئاوی بەنداوی دوکانی بەتەواوی بەردابۆوە بۆ ڕێگریکردن و زەحمەت کردنی پەڕینەوەی خەڵک. ئێمە چەند پێشمەرگەیەکی خەڵکی کەرکوک وەکو مامۆستا شێرکۆ چەند شەوو ڕۆژێک لە سنوری دەشتی کاکی بەکاکی هەولێر ماینەوە ڕۆژانە چەندین سەعات بە پێ ئەرۆیشتین و جێ گۆڕکێمان ئەکرد، جارێکیان خێزانم بینی بێ ئەوەی کۆرپەکەی کە ناوی گەشاو خان بوو پێ نەبوو کە پرسیم کوا گەشاو ووتی منیش وەکو ئەو خەڵکە کە دەیان پیرەژن و ئەختیاریان بەجێ هێشتبوو ئەویش بەجێی هێشتبوو.چونکە هەشت مانگ بوو نەشتەرگەری بۆ کرابوو بێ هێز بوو تواناى هەڵگرتنی نەبوو هەرچەندە زۆربەی کاتەکان لەباوەشی من بوو بەڵام بۆ پشویەک لای دایکی بوو،بەڵام پاش گەڕانەوەم بە نزیکی کیلۆمەترێک توانیم کچە خۆشەویستەکەم بهێنمەوەو بەردەوام بین لە ڕۆیشتن تاکو بە هیممەتی کوڕە شەهیدێک کەخەڵکی قوشتەپەبوو توانی هەموو ئەو ژنومناڵانە ڕزگار بکات لە ڕێی تراکتۆرو عەرەبانەیەکەوە لەکاتی بەرەبەیانیدا بەرەو قوشتەپە پێشمەرگە ئاسا هەر دوو سێ کەسو دابەشی ماڵێکی کردن بۆ ئەوەی دوژمن زەفەریان پێ نەبات و نەیان دۆزێتەوە، بۆ بەیانیش کە ڕۆژ بۆوە هەر خێزانێک بەخۆیانو مناڵەکانیانەوە بە سواری پاس بەرەو هەولێر بەڕێکەوتن، دیارە ناوپاسەکانیش ئەم خێزانانە دیار بوون کە هیچیان پارەیان پێ نەبوو لێرەدا خەڵکی بەشەرەفی هەولێر وەکو پیشەی هەموو جارێکیان تێگەیشتبوون کە ئەمانە کەسوکاری پێشمەرگەن بۆیە جگە لە پارەی پاسەکەیان پارەی زیاتریشیان پێ دابوون ئیتر لێرەوە هەر ژنەو منداڵەکانی بەرەو زێدی خۆیانو کەسوکاریان ڕێگایان گرت، خێزانی منو تەنها کچەکەی بەرەو ئۆردوگای بنەسڵاوە بەڕێکەوتبوون لەوێش پاش پرسیار کردن ماڵی باوکی منیان دۆزیبۆوەو پێیان شاد بوونەوە،ڕوداو بەسەرهات و قوربانیەکانی ئەو ڕۆژانە زۆرن ،پێم خۆش بوو بە کورتی ئەم بیرەوەریە بگێڕمەوە سەری ڕێزو نەوازش دائەنەوێنم بۆ گشت شەهیدان.



# قەڵادزێ، ئەو شارەی بەپێوە وەستاوە و ناکەوێت

ئەمڕۆ (24)ی نیسان، (49) ساڵ بەسەر بۆردومانکردنی ناوەندی شاری قەڵادزێ تێپەڕ دەبێت کە زیاتر لە (400) شەهید و بریندارى لێکەوتەوە.

هاوشێوەی شار و ناوچەکانی دیکەی کوردستان، قەڵادزێ یەکێکی دیکەیە لەو شارانەی کوردستان، کە بەدرێژایی مێژو چەندین جار ڕوبەڕوی هێرشی دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان بوەتەوە و تا گەیشتوەتە ئەوەی تەواوی شارەکە وێران بکرێت.

دوای ئەوەی ڕژێمی پێشوی بەعس لە بەیاننامەی (11)ی ئازار پاشگەزبوەوە و خەڵکی کوردستانی بەبێ جیاوازی بە پاڵپشتی شۆڕش وەك خیانەتکار لەقەڵەمدا ولە ڕۆژی (1974/4/24) لەلایەن ئەو ڕژێمەوە بە فڕۆکە و بۆمبی ناپاڵم شاری قەڵادزێ بۆردومان کرا، جگە لەو کاولکاری و وێرانکارییەی جێما، زیاتر لە (400) کەس لە خوێندکاری زانکۆ و ژن و منداڵ و پیر و گەنجی ئەو شارە شەهید و برینداربون و دوای ئەو تاوانەش دانیشتوانی قەڵادزێ ڕاگوێزران و شارەکە لەگەڵ زەوی تەخت کرا.

لەو بۆردومانەدا کە کاتژمێر (10:00)ی سەر لەبەیانی دەستی پێکرد، بینای سەرۆکایەتی زانکۆ و بەشی ناوخۆیی، کە لەوکاتەدا لە شاری سلێمانییەوە گواسترابووەوە بۆ ئەو قەزایە، لەگەڵ خوێندنگەکان و ماڵەکانی دەوروبەری کرانە ئامانجی فڕۆکەکانی بەعس و بەهۆیەوە (165) کەس بە خوێندکار و ژن و پیاو و منداڵەوە شەهید بون و (250) کەسی دیکەش بریندداربون، هەروەها زۆرینەی خانوو باڵەخانەکان ڕوخان و وێران کران.

بۆردومانی (1974/4/24)ی تاکە هێرشی ڕژێمەکان نەبوە بۆسەر قەڵادزێ، بەشێوەیەک بەچەندین قۆناغ ڕوبەڕوی ڕاگواستن و وێرانکاری بوەتەوە، بەشێوەیەک لەکاتی سەرۆکایەتی عبدول سەلام عارف لەساڵی (1963) و دواتریش لە سەردەمی سەرۆکایەتی عەبدولرەحمان عارف لە ساڵی (1966) بۆردومانکراوە.

هاوکات لە ساڵی (1977) دانیشتوانی گوندەکانی بناری قەندیل ڕاگواستران و دواتریش لەساڵی (1978) گوندەکانی دیکەی دەوروبەری قەزاکە بەزۆرەملێ لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە ڕاگواستران بۆ کۆمەڵگا زۆرەملێکانی بەستەستێن و توە سوران و ژاراوە و پێماڵك.

لە ڕاپەڕینی (1982/4/24) کە بۆ یادی بۆردومانەکەی ساڵی (1974) ئەنجامدرا دو هاوڵاتی شەهیدکران و دواین قۆناغی ڕاگواستنی زۆرەملێی سنوری قەزای پشدەریش لە (1989/6/26)بو کە قەزاکە بە تەواوی بەناوچەی قەدەغەکراو لەقەڵەمدرا و شارەکە و گوندەکانی دەوروبەری لەگەڵ زەوی تەختکران.


بەپێی بەڵگەنامە مێژوییەکان و لیدوانی دانیشتوانی پشدەر، لە ڕاگواستنی ساڵی 1989ی پشدەر، هیچ خانویەک لە قەڵادزێ بەپێوە نەماوە و هەمووی روخێنراوە.

ئەنجومەنی قەزای پشدەری بزوتنەوەی گۆڕان، لە یادی ڕاپەڕین و بۆردومانی (24ی 4)ی قەڵادزێدا، ڕاگەیەنراوێکی بڵاوکردوەوە و دەڵێت: تا دێ ژمارەی ساڵەکانی یادی کارەسات و ڕاپەڕینەکانی قەزاکەمان زیاتر دەبێت و ژمارەی بەڵێنەکانیش بۆ ئاوەدانکردنەوەو خزمەتکردنی ناوچەکەمان هەڵدەکشێ.

هەروەک داوا دەکات، دوابەدوای جێبەجێکردنی ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەتی ئیتحادی لە بودجەی عێراق و دواتر لە ئامادەکردنی پرۆژە بودجەی هەرێم پلانی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدانی سێکتەرە خزمەتگوزارییەکانی پشدەر دابنێن.

قەڵادزێ بە دوری ( 138) کیلۆمەتر لە ڕۆژهەڵاتی پارێزگای سلێمانییەوە دورە و هاوسنورە لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە روی کارگێرییەوە قەزایە و سەر بە ئیدارەی ڕاپەڕینە و هەر پێنج ناحیەی سەنگەسەر، ژاراوە، هێرۆ، هەڵشۆ، ئیسێوە لەخۆدەگرێت و نزیکەی 400 گوندیش لە سنورەکە بونی هەیە.

سایتی KNN




شاری قەڵادزێ ناوەندی قەزای پشدەرە، سەر بە پارێزگای سلێمانییە و نزیکە ١٣٤ کیلۆمەتر لێییەوە دوورە. لە ڕۆژهەڵاتییەوە هاوسنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شارەکانی سەردەشت و میراوەیە، لە ڕۆژاواشەوە ڕانیە، لە باکوورەوە ناحیەی قەسرێی قەزای چۆمانەوە و لە باشوورەوە ناحیەی بنگردە و ناوچەی مەرگە و قەزای ماوەتە.

قەڵادزێ لە ساڵی ١٩٤٨ دەبێت بە قەزا، لە ٢٤ی نیسانی ١٩٧٤ لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە بۆردومان دەکرێ، کەزانکۆی سلێمانی ئەوکات بۆ قەڵادزێ گوێزرابووەوە بووە هۆی شەهید کردنی چەند خوێندکارێکی زانکۆ و هاووڵاتیانی ئەو شارە، لە ٢٤ی نیسانی ١٩٨٢ بۆ یەکەم جار لە کوردستاندا دانیشتووانی شارەکە ڕادەپەڕن دژ بە حکوومەتی ئەو کات، لە ساڵی ١٩٨٩ دانیشتووانی پشدەر ڕادەگوێزرێن بۆ ئۆردوگاکانی بازیان و خەبات و هتد.

شوێنە مێژوویەکان: قەڵای قەڵادزێ، مەزارگەی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە، شێخ فەرخ

لە کوردپیدیا وەرگیراوە




یادنامەYADNAME

بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ بە کۆمەڵێ یاداشت و بیرەوەری و بابەتی جۆراوجۆری مێژوویی و ئەدەبییەوە بە شێوەی ئەلکترۆنی لە ماڵپەڕە کوردییەکان بڵاو ئەکرێتەوە و سەرجەم کارەکانیشی لەلایەن: "سەرکەوت محەمەد فەتاح (سەرکەوتی جیهان)لە هۆڵەندا بەهاوکاری بەختیار شارەزووری و ڕەئوف ئالانی سەرپەرشتی ئەکرێ.

Email :sarkawt_47@hotmail.com

Viber& WhatsApp: +31615852703